# خوێندنەوەیەکی یاسایی ،
# فەلسەفی و پەروەردەیی
# بۆ قۆناغەکانی دوای تاوانی ئەنفال

**لە پانێلێکی تایبەت بە یادکردنەوەی رۆژی ئەنفال**

**پێشـــــەكی**
........................................................................ 3

**بابەتی جینۆساید وەك میتۆدی خوێندن  لە سستمی پەروەردەی كوردستاندا**
د. چنار سەعد عەبدولا ............................................................ 5

**بژاردەكانی بە نێودەوڵەتی كردنی تاوانەكانی بەرامبەر بە گەلی كوردستان كراوە**
كرمانج عوسمان ............................................................ 39

**كيفية تعويض شعبنا الكوردي عن سياسات القمع  والأبادة للنظام السابق**
د. إبراهيم محمد شريف السندی ............................................ 55

**تاوانەكانی ئەنفال و جینۆساید لە ٢٠٠٣ تاوەكو ٢٠١٧**
ئەیاد كاكەیی ............................................................ 65

# پێشەکی

مێژووی تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٩، ١٩٨٣، ١٩٨٦، ١٩٨١و١٩٨٨ یەك لە دوای یەك کە بەجینۆسایدی کوردانی فەیلی، بارزانیەکان، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و پاشان هەشت قۆناغی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەست پێ دەکات.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ لەلایان تیرۆریستانی داعش، جارێکی تر خەڵکی کوردستان بەپێکهاتەکانی (کوردانی ئێزیدی، کریستیان، کاکەیی و شەبەك ) لە ناوچەی شەنگال و دەشتی نەینەوا جینۆساید دەکرێنەوە، کەواتە سەرەتای دەسپێکردنی مێژووی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٨ ساڵ بەر لە ئێستا، و تەمەنی دروستبوونی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانیش کە لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردووە، خۆی لە ٢٦ ساڵ دەدات. پاش دروستبوونی ئەو ئەزموونە، زەمینەیەکی ئازاد و لەباردێتەئاراوە بۆ یادکردنەوەی تاوانەکان و سازدانی جۆرەها دیدارو کۆنفرانس بەشێوەیەکی ساڵانە لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە لە زۆربەی کات و بۆنەکاندا زیاتر جەخت دەخرێتە سەر لایەنی مێژووی ڕووداوەکان، بەو مانایەی کە زیاتر قسە لەسەر چۆنیەتی ڕوودانی

تاوانەکان دەکرێ، هەروەها کاریگەریەکانی ئەو کارەساتانە. لە هەندێك حاڵەتیشدا جۆرێك لە بەراوردکاری دەکرێ لە نێوان تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لە کوردستان و هی میللەتانی تر. لێکۆڵینەوە یاساییەکانیش تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ بەردەوام جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکەنەوە کە چۆن بەپشتبەستن بە یاساکان بیسەلمێنن کە ئەوەی ڕووی داوە تاوانی جینۆساید بووە، و ئەمەش کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی دەخاتە سەر ئەولایەنەی تاوانەکەی ئەنجام داوە.

بێگومان هەموو ئەو پرسانەی کە لەوبارەیەوە باس و گفتوگۆی لەسەر دەکرێ زۆر گرنگن، بەلاّم کاتی ئەوەش هاتووە کە بزانین بە شێوەیەکی کرداری دوای تێپەڕ بوونی ٢٦ ساڵ لەڕووی یاسایی، سیاسی، پەروەردەیی، کلتووری وئابووری...هتد، چۆن سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو ڕووداوانە کراوە و ئێستا لەو پرۆسە درێژخایەنەدا ئێمە لەکوێین. لە سۆنگەی ئەو پرسیارەوە و بەبۆنەی ڕۆژی ئەنفال سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی لەژێر ناونیشانی (**خوێندنەوەیەکی یاسایی ، فەلسەفی و پەروەردەیی بۆ قۆناغەکانی دوای تاوانی ئەنفال**) دیدارێکی تایبەتی سازی کرد.

ئەو بەرهەمەی لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە کۆی ئەو باس و توێژینەوانە لەخۆی دەگرێ کە لەلایان توێژەر و پسپۆڕانی ئەو دیدارە پێشکەش کران، بەو ئامانجەی کە زۆرترین کەس و خوێنەری کوردستان سوودی لێ وەربگرن.

# بابەتی جینۆساید وەك میتۆدی خوێندن
# لە سستمی پەروەردەی کوردستاندا

**د. چنار سەعد عەبدوڵا**
هەولێر ٢٠١٦

## پێشەکی:

کاتێك لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا قسە لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دەکرێ، خەیاڵ و قسەوباسەکان سەرەتا دێتە سەر گەلی جولەکە بە پلەی یەکەم و کارەساتی هۆلۆکۆست، ئینجا ئەرمەنەکان و پاشان بۆ دارفور و باشووری سوودان و.. زۆر بەکەمی یا هەر باسی ئەو هەموو تاوانە کۆمەڵکوژیانە ناکرێ کە بەسەر خەڵکی کوردستان دا هاتووە. کەچی کاتێك لاپەڕەی ساڵنامەی تراژیدیاکانی باشووری کوردستان هەڵدەدەینەوە، دەبینین نەك هەرلەیەك قۆناغی مێژوویی بەڵکو لە چەندین قۆناغ بە شێواز و چەکی جیاواز گەلی کوردستان جینۆساید کراوە.

یەکەم تاوانی جینۆساید، کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکان بوو لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠زاینی کە تێیدا (٧٥٠٠٠) بەر شاڵاوی ڕاگواستن و گرتن و بەشێکی گەنجەکانیش تا ئێستا چارەنووسیان نادیارەو

لەناوبراون. هەربۆیە بەپێی بڕیاری دادگای باڵـای تاوانـەکانی عێـراق ژمارەی دەعوا (٢/ج اولی/٢٠٠٨) لە (٢٩-١١-٢٠١٠) ئەم تاوانـە بە تاوانی دژەمرۆیی و جینۆساید لەقەڵەم دراوە.

دووەم کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بوو لە ساڵی ١٩٨٣، کە تیایدا زیاتر لە (٨٠٠٠) پیاوی بارزانی لـەناوبران. بـــەپێی ژمـــارەی دەعـــوا (٤/ج اولی/٢٠٠٩) لـــە (٣-٥-٢٠١١) تاوانبارانی ئەم تاوانەش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێـراق بـە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی سزا دران.

سێ یەم تاوانی جینۆساید، کەیسی کیمیابارانکردنی شـاری هەڵەبجـە بوو لە ١٩٨٨ کە بەگازی خەردەل گیانی ٥٠٠٠ ژن و منـداڵ و پـیرو لاو تەنانەت ئاژەڵ و ژینگەش لەناو چـوو. بـەپێی ژمـارەی دەعـوای (٢/ج الثانیـــة/ ٢٠٠٨) لـــە (١٧- ١ -٢٠١٠) دادگـــای باڵـــای تاوانەکانی عێراق وەك جینۆساید هاتەژماردن.

چوارەم تاوانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان، تاوانی ئەنفال بوو کـە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ بە هەشت قۆنـاغ ئـەنجام درا لـە گـەرمیان دەستی پێکرد و لە بادینان کۆتایی پێهـات. بـەپێی دەعـوای ژمـارە (٥٩/ت/٢٠٠٧) لـە (٤ - ٩- ٢٠٠٧) دادگـای باڵـای تاوانـەکانی عێراق تاوانبارانی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تـاوانی جینۆسـاید سـزا دا ﴿١﴾. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش لە دانیشتنێکی فەرمی خۆی لـە (١٤نیـسان ٢٠٠٨) بـە زۆرینـەی دەنگـی ئەنـدامان کـۆی ئـەو تاوانانـەی وەك تـاوانی جینۆسـاید بەرامبـەر بـە گـەلی کوردسـتان

ناساندووە. تاوانی جینۆسایدی کوردستان تەنها بابەتێك نییە پەیوەست بێ بە مێژوو، بەڵکو لە دووساڵی ڕابردوو جارێکی تر گەلی کوردستان لەناوچەی شەنگال و دەشتی نەینەوا لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش تووشی جینۆساید بووەوە، کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت بە سەدان خەڵك و ژن و گەنجی کوردی ئێزیدی چارەنووسیان دیار نییە.

کەواتە بۆچی وەك پێویست میللەتانی جیهان زانیاری ئەوتۆیان لەسەر ئەو کارەساتانە نییە کە بەسەر خەڵکی کوردستان هاتووە؟ ئایا لەسەر ئاستی ناوخۆ نەوەی تازە ئەوانەی پاش تێپەڕ بوونی چەند دەیەیەك لەو کارەساتانە لەدایك بوون، هوشیاری و زانیاری ئەوتۆیان لەسەرئەو کارەساتانە هەیە؟ ئایا مەرجە هەموو لەناو ڕووداوەکان بژین ئینجا هەست بە ئازاری کەسوکاری قوربانیەکان بکەن؟ ئەو ئامرازە کاریگەرانە چین کە دەتوانین لە ئاشناکردنی نەوەی تازە بە کارەساتەکان پشتی پێ ببەستین؟

وێڕای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەمووجۆرەکانی و هەبوونی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و دامەزراوەی جیاوازی فەرمی و نافەرمی کە دەتوانن کاربکەن بۆ زیندووڕاگرتن و یادکردنەوەی ئەو کارەساتانە و بڵاو کردنەوەی هوشیاری لەناو نەوەی تازە، دامەزراوەی پەروەردەیی و قوتابخانەکان یەکێکن لەو کەناڵە کاریگەر و فەرمیانەی کە دەکرێ بۆ ناساندنی تاوانی جینۆساید و بەبیرهێنانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بە نەوەکانی داهاتوو پشتی پێ ببەسترێت .

هەرچەندە لەپاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر میتۆدی خوێندندا هاتووە پرسی جینۆساید تاڕادەیەك لە کەرتی پەروەردەدا بایەخی پێدراوە، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٤ وەك بابەتێکی سەربەخۆ لەقۆناغی دەی ئامادەیی دەخوێندرێت، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو بابەتە وەك پێویست لە کەرتی پەروەردەی کوردستان بایەخی پێ نەدراوە. لەبەر ئەوەی خوێندنی بابەتی جینۆساید لە رێگای چەند بابەتێکی تیۆری و وشك بەس نییە بۆ ناساندنی ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە. خاڵێکی تر کە زۆر گرنگەو لە میانی خوێندنی تاوانەکانی جینۆسایددا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ ئامانجی پشت خوێندنی ئەو بابەتەیە.

ئێمە لەو لێکۆڵینەوەدا هەوڵدەدەین بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی گەلانی تر سەبارەت بە خوێندنی بابەتی جینۆساید لە قوتابخانە، رۆڵ وگرنگی خوێندنی ئەو بابەتە بخەینە بەرچاو. هەروەها مەبەستمانە شیکاریەك بکەین بۆ خوێندنی بابەتی جینۆساید لەناو میتۆدی خوێندنی کوردستان.

# بەشی یەکەم
# کێشەی لێکۆڵینەوە

لە دەسپێکی لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا توێژەر هەوڵدەدات بەرێگای دیاری کردنی کێشەیەکی سەرەکی لەسەر پرسێکی دیاریکراو، هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە دەست پێبکات. کێشەی لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتدا ئەو کۆمەڵە پرسیار و لایەنە شاراوانە دەگرێتەوە لەسەر بابەتێکی دیاری کراو کە پێویستی بە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە هەیە ﴿٢﴾.

کێشەی سەرەکی ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو باسە (بابەتی جینۆساید وەك میتۆدی خوێندن لە سستمی پەروەردەی کوردستاندا) لە هەبوونی چەند پرسیارێك دایە کە توێژەر لە میانی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدات وەڵامیان بداتەوە.

- ئایا لە میتۆدەکانی پەروەردەی کوردستاندا بە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکانەوە وەك پێویست بایەخ بە خوێندنی بابەتی پەیوندار بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان دراوە؟
- ئایا ئامانجێکی ڕۆشەن هەیە لەپشت خوێندنی بابەتی جینۆساید، کە ئایا بۆچی پێویستە نەوەی تازە بەو کارەساتانە ئاشنا بکرێن؟
- ئایا خوێندنی بابەتی جینۆساید وەك دەقێکی تیۆری لەناو وانەکانی خوێندندا، بەسە بۆ ئەوەی هوشیاری منداڵان سەبارەت

بەکارەساتەکانی ڕابردوو بەرز بکرێتەوە؟ توێژەر هەوڵدەدات بە گرتنەبەری ڕێکاری زانستی، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

## گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوە

توێژەر لەبەر چەند هۆکارێکی بنەڕەتی پێی وایە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر (بابەتی جینۆساید وەك میتۆدی خوێندن لە سستمی پەروەردەی کوردستاندا) زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی:

* ئەو میللەتانەی کە هاوشێوەی میللەتی کورد لە جیهان نموونەی (گەلی جولەکە و ئەرمەن) لەبواری پەروەردەدا زۆر بایەخیان بەکارەساتەکانی خۆیان داوە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، کەچی پاش گەڕان و ووردبینیەکی زۆر لە ناوەندە زانستیەکانی کوردستان زانیاریمان لەسەر ئەوە دەست نەکەوت کە لەسەر بابەتی جینۆساید لە سستمی پەروەردەی کوردستاندا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ ئەنجام درابێت.

* ئەو لێکۆڵینەوەی ئێمە کارئاسانی و بەرچاوڕوونی زیاتر دەداتە وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە کاریگەریەکانی خوێندنی بابەتی جینۆساید لەسەر قوتابی وکۆمەڵگا، وخستنە ڕووی چەندین ڕێکار بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری پێویست لەوبارەیەوە.

* تا ئێستا پرسی خوێندنی جینۆساید لەناو سستمی پەروەردە و مامۆستاکانی ئەو سەکتەرە جێگای مشتومڕیە، کە ئایا ئەو

بابەتە لە میتۆددا بخوێندرێ یان نا؟ گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە لەوەدایە کە بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان لەوبارەیەوە، ئەو مشتومڕە هەم بۆ وەزارەتی پەروەردە و هەم بۆ مامۆستایان یەکلا دەکاتەوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە

لەو لێکۆڵینەوەدا توێژەر مەبەستیەتی ڕۆڵ و کاریگەری سستمی پەروەردە وەك دامەزراوەیەکی گرنگی فێرکردن نیشان بدات، لە بەشداری پێکردن و ناساندنی تاوانی جینۆساید بە نەوەی نوێ و دروستکردنی فەرهەنگێکی مرۆڤ دۆستانەتر لە کۆمەڵگادا .

هەروەها لەمیانی تیشك خستنە سەر ئەزموونی میللەتان لەو بارەیەوە، توێژەر دەیەوێت بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بایەخدان بە خوێندنی جینۆساید لە سستمی پەروەردەدا بەر بە دووبارە بوونەوەی دەگرێت، و ڕۆحی لێبوردەیی و ئاشتی خوازی پەرە پێدەدات, کە لەپاش شەڕی داعش و هێرشکاری و تاوانەکانی تیرۆریستان لە ناوچەی کوردانی ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و کرستیانەکان ئەنجامیاندا، ئەم فەرهەنگە کە لە کوردستان لەدێرزەمانەوە بوونی هەبووە، زەرەری بەرکەوتووە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لەبەر ئەوەی توێژەر لەوباسەدا هەوڵدەدات، خوێندنەوەو و شیکاری بۆ بابەتی جینۆساید بکات لەناو وانەکانی کۆمەڵایەتی قۆناغی (چواری بنەڕەتی، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی) و مێژووی هاوچەرخ پۆلی دوازدەی ئامادەیی، وانەی جینۆسایدی قۆناغی نۆی بنەڕەتی و لە ڕووی جۆرایەتی و چەندایەتیی یەوە سەیری وانەکانی جینۆساید و بابەتەکانی پەیوەست بکات، هەربۆیە لە میتۆدی تایبەت بەو باسەدا پشت بە میتۆدی شیکاری ناوەرۆك (تحليل المحتوى) دەبەستێ.

ئەو میتۆدە بریتیە لە ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی بابەتی و پلان بۆدارێژراوی ڕێکخراو بۆ زانیاری بەدەستهاتوو لەسەر بابەت یا دیاردە یا وێنە و سیمبوولی دیاری کراو , لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و جۆرایەتی دا ﴿٣﴾. هەروەها توێژەر مەبەستیەتی بەراوردێکیش بکات لەنێوان بایەخدانی گەلی کورد و میللەتانی تری وەك (ئەرمەن و جولەکە) بە خوێندنی جینۆساید، بەپێویستی دەزانێ لەو ڕووەوە پشت بە میتۆدی بەراورد کاری (منهج المقارنه) ببەستێت.

شێوازی بەراوردکاری بە ڕێکاری بەراورد کاری نێوان دوو دیاردە یا پرسی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی یا سروشتی و... دەگوترێت، لەپێناو گەیشتن بە بڕیار یا دەرئەنجامێك لەسەر دۆخی دیاردەکە، کە بڕیاردانەکە پشت دەبەستێت بە بنەمای لێکچوون یا جیاوازی نێوان هەردوو حالەتە دیراسەکراوەکە، یاخوود دۆخی پێشکەوتنیان ﴿٤﴾.لەمیانی ئەو توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت بابەتی جینۆساید

لەسەر دوو ئاستدا بەراوردکاری تێدا ئەنجام بدرێ:

یەکــەم: بابەخــدانی خوێنــدنی جینۆســاید لــە میتــۆدی پــەروەردەی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر.

دووەم: خوێندنی بابەتی جینۆساید لە قۆناغە جیاوازەکـانی سـستمی پەروەردەی کوردستان، کە بەکارهێنانی ئەو میتۆدە دۆخەکـەمان بـۆ رۆشەنتر دەکاتەوە.

## بەشی دووەم
## پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان:

### ١- جینۆساید

لەڕووی زمانەوانی وشەی جینۆساید لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە لە بنەڕەتدا یۆنانیە، وشەی Genos بە واتای ڕەگەز دێ و وشەی Caeders بەواتای کوشتن و لـەناوبردن، ئـەو دوو وشـەیە بەیەکـەوە بەمانای لەناوبردنی رەگەزی یـا کۆمـەڵکوژی دێـت ﴿٥﴾. لەبەنـدی دووەمی پەیماننامـەی نەتەوەیـەکگرتووەکان سـاڵی١٩٥١ جینۆسـاید پێناسەکراوە بەوەی کـە (هـەر کردارێـك کەبەمەبەسـتی لـەناوبردنی هەموو یان بەشێك لە نەتەوەیەك یـان ئێتنیکێـك یـان تیرەیـەك یـان گروپێکی مەزهەبی ئەنجام بدرێت، لە چەشنی لـەناوبردنی تاکـەکانی ئەو کۆمەڵەیە، سزادان وئازاری جسمی ورۆحی لەو گرووپە، سـازدانی

بارودۆخێکی نالەباری وا بۆگرووپەکە ئامانج لێی لەناوبردنی فیزیکی هەموو گروپەکە یان بەشێکی بێت، سنووردانان یان بەرتەسك کردنەوەی منداڵبوون و گەشەکردنی گروپێك، بە زۆر ڕاگواستنەوەی منالی کۆمەڵێك لەرێگای هێزو زەبروزەنگەوە بۆکۆمەڵێکی دیکە﴿٦﴾.

لە کوردستاندا تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال وەك موراديفی چەمکی جینۆساید بەکاردێت. میدل ئیست ووچ سەبارەت بە تاوانی ئەنفال دەڵێ: ئەنفال ئەو ناوەبوو کە بە زنجیرەك هێرش و پەلاماری نەخشە بۆکێشراوی سەربازی دەگوترا، کە سەرجەمی هەشت پەلامار بوو لە کۆتایی شوبات و سەرەتای ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەرێوەچوو ﴿٧﴾.

بەگشتی دەکرێ بڵێن کە جینۆساید، بە پرۆسەی بە کۆمەڵ لەناوبردنی مرۆڤ دەگوترێت، بە گرتنە بەری ڕێکاری جیاوازی وەك ئازاردان، برسی کردن، کوشتن و لەناوبردن، ڕاگواستن و لەناوبردنی تایبەتمەندی کلتووری و ئاینی و ڕەگەزی، کە بەرامبەر نەتەوە یا گرووپێکی مەزهەبی یا ئاینی تایبەتمەند ئەنجام بدرێت.

## ٢- پەروەردە

پرۆسەی پەروەردەکردن لە دێرزەمانەوە مایەی مشتومڕ و بابەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بووە. بۆیە وەك چەمکیش لەروانگە و

تێڕوانینــی جیــاوازەوە پێناســەی بــۆ کــراوە. لــەو فەیلەســووف و بیرمەندانــەی کــە لەســەردەمێکی زۆر زوودا بایــەخی بــە پــەروەردەو پــــەروەردەکردن داوە ئــــەفلاتوون(٤٢٧-٣٤٧ پ.ز). نــــاوبراو لــــە کتێبەکەیــدا بــەناوی (کۆمــاری ئــەفلاتوون) بــۆ کۆمارەکــەی جــۆرە شێوازێکی بۆ پەروەردەکردن دەستنیشان کردووە.

بە بۆچوونی ئەفلاتوون پــەروەردەکردن پرۆســەی ڕاهێنــانی ئاکارییــە، یــاخوود هەوڵــدانێکی خۆویــستی نــەوەی تازەیــە بــۆ گواســتنەوەی دابونەریتە ئەرێنیــەکانی ژیــان، هــەروەرها گواســتنەوەی ئــەزموونی کەڵەکەبووی نەوەی پێشووە کە بە ئەزموونکردن پێی گەیشتوون﴿٨﴾.

بۆ نموونە دۆرکهــایم (١٨٥٨- ١٩١٧ز) کــە بەیــەکێك لــەروادەکانی زانستی کۆمەڵناسی دەژمێردرێت باوەری وایە کە پەروەردە لــە مــرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دروســت دەکــات، ئــەوەش بــەرێگای ئــەو کاروکردەوە دەبێ کە نەوەی کۆن لەســەر نــەوەی تــازەی جــێ بــەجێی دەکات. دۆرکهایم لەوباوەرەدایە کە ئەو مرۆڤەی کە بەرێگای سستمی پەروەردەوە پێدەگات، هەمان مرۆڤ نییە کــە بەشــێوەیەکی سروشــتی دێتە دنیا لەدەرەوەی چوارچێوەی پەروەردەکردن ﴿٩﴾.

لە پێناسەیەکی تر بۆ چەمکی پەروەردەدا هاتووە کــە پــەروەردەکردن پرۆسەیەکی هاوئاهەنگ و ئامانجدارە بــۆ گواســتنەوەی مەعریفــە، و دروستکردنی توانست، و پێگەیاندنی مرۆڤــە لــە هــەموو بوارەکــانی ژیان﴿١٠﴾. لەکۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە وەك دەبینین لــە پرۆســەی

پەروەردەکردندا جەخت لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ کراوەتەوە.

یەکەم: گواستنەوەی مەعریفە و زانیاریە، ئەمەش لەو بوارەی کە پەیوەندی بە مەعریفەی مرۆییەوە هەیە ,لایەنی فەرهەنگ و مێژووی میللەتان دەگرێتەوە. کە ناساندنی نەوەی تازە بە مێژوو کارەساتەکانی بەسەر گەلان داهاتوون دەچێتە ئەو خانەیەوە.

دووەم: دروستکردنی بنەمای مرۆیی و ئاکاری، بەها مرۆییەکان بەرێگای پرۆسەی پەروەردەکردنەوە مرۆڤ لەبوونەوەرێکی سروشتی دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی.

کەواتە پەروەردە، بە پرۆسەیەکی رێکخراوی پێگەیاندنی لایەنی ئاکاری و هزری و دەروونی مرۆڤ دەگوترێت کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامی هەیە.

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لەوبارەیەوە هەرچەندە مێژووی ڕوودانی تاوانەکانی کۆمەلکوژی و جینۆسایدی خەلکی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ١٩٧٩ کە ڕاگواستن و بەکۆمەڵ کوشتن و گرتنی کوردانی فەیلی بوو، کە هەندێك سەرچاوە ڕەگ و ڕیشەی ئەو کارەساتە بۆسالی ١٩٧١ دەگەرێننەوە. هەر لەوکاتەدابوو کە لەئەنجامی دەسپێکردنی پرۆسەی بە عەرەبکردنی کوردستان حکومەتی عێراق وێرای ئەوەی دەستی گرت بەسەر سەروماڵ و سامانیان (٧٠٠٠٠) کوردی فەیلی بەرەو ئێران دەرکرد ﴿١١﴾.

کەواتە بەوپێیە بێت ئەوا ٤٥ ساڵە گەلی کوردستان لە قۆناغی جیاواز

تووشی جینۆساید بووە، کەچی ئەو بابەتە وەك پرسێکی زانستی لە ناوەندە ئەکادیمی و پسپۆری جیاوازدا کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە. ئەو لێکۆڵینەوانەش کە ئەنجام دراون زیاتر لەڕووی مێژووی و گێرانەوەی کارەساتەکان یان یاسایی یا لە دیوی یاسایی و دەروونی ,هەندێکیشی کۆمەڵایەتی بووە. بەداخەوە دوای گەڕان و ووردبینی لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و پەروەردە لە زانکۆکانی کوردستان، هیچ زانیاریمان دەست نەکەوت سەبارەت بە لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر پرسی جینۆساید لە ناوەندی پەروەردەی کوردستان ئەنجام درابێ.

هەربۆیە ئەوەی لەوبەشەدا ئێمە باسێکی کورتی لەسەر دەکەین و دەکرێ وەك لێکۆڵینەوەی پێشوو پشتی پێ ببەستین دوو بابەتی لێکۆڵینەوەیە، ئەوەی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە: تێڕوانین و خەیاڵی منداڵان لەسەر جینۆساید کە (ئەنستیتۆی کوردی بۆ ڤیکتۆمۆلۆجی وبەرەنگاربوونەوەی جینۆساید) لە ٢٠١٣ پێی هەستاوە.

**دووەم لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی:**

http://unesdoc.unesco.org/images/0022/002287/228776e.pdf (بارودۆخی جیهانی سەبارەت بە خوێندنی کۆمەڵکوژی جولەکە:باسکردنێکی تێروتەسەلی کتێب و میتۆدی قوتابخانەکانە لەسەر ئاستی جیهان) کە لەساڵی(٢٠٠٠بۆ٢٠١٥) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری (یونسکۆ

(UNSCO)* و پەیمانگای جورج ئیکرت بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەسەر کتێبی قوتابخانەکان ئەنجام دراوە.

باسی یەکەم: بابەتی (تێڕوانین و خەیاڵی منداڵان بۆ جینۆساید)

لەم باسە هەوڵدراوە لەڕێگای وێنەکێشان یا نوسینی تێکست، خەیاڵ و ئەو وێنەیەی کە منداڵی کوردستان هەیەتی لەسەر تاوانی جینۆساید نیشان بدرێ. بۆ ئەو مەبەستە سوود لە ١٧٠ قوتابی لە قۆناغەکانی (٥، ٦ و ٧) بنەڕەتی وەرگیراوە، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند سستمی پەروەردەی کوردستان زانیاری و هوشیاری پێویست لەوبارەیەوە بە قوتابیان دەبەخشێ.

شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە ناوەندی شاری هەولێرە. چوار قوتابخانە وەك نموونەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراوە کە دووانیان قوتابخانەی نموونەیی و تایبەت بوون دووی تر قوتابخانەی میری و ئاسایی. تەنانەت لە هەڵبژاردنی ناوچە جوگرافیاکانیش هەوڵدراوە ئەو لایەنە لەبەرچاو بگیرێ کە ئەو قوتابیانەی وەك نموونەی لێکۆڵینەوە دەکەونە ناوباسەکە، لە هەموو چین و توێژەکان بن. لەڕووی ڕەگەزیشەوە کچان و کوڕان بەیەکسانی بەشداریان تێدا کردووە.

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەری خستووە کە لە کۆی گشتی قوتابیان تەنها( ٤٢٪) هەم لە ڕووی تێکست و هەم لەڕووی وێنە بە شێوەیەکی

ڕۆشەن و سەرنجڕاکێش هەستی خۆیان لەسەر کارەساتەکە یا بە وێنە یا بە نوسینی تێکست دەربڕیووە. کەچی لەبەرامبەردا (٥٨٪) قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە لەو ڕووەوە لاواز بوون. خاڵێکی تریش کە لەو لێکۆڵینەوە مایەی سەرنج بوو، جیاوازی ئاستی تێگەشتن و توانای تەعبیرکردنی قوتابیانی قوتابخانەی ئاسایی و نموونەیی بوو، وەك تێکست و وێنەی قوتابیان نیشانی دەدا کە قوتابیانی قوتابخانە ئاساییەکان ئاستیان بە بەراورد لەگەڵ قوتابیان لە قوتابخانە نموونەییەکان، لاوازتر و نا ڕۆشەن ترە ﴿١٢﴾.

باسی دووەم: (بارودۆخی جیهانی سەبارەت بە خوێندنی کۆمەڵکوژی جولەکە، باسکردنێکی تێروتەسەلی کتێب و میتۆدی قوتابخانەکان لەسەر ئاستی جیهان)، ئەو لێکۆڵینە هەستاوە بە ئەنجامدانی بەراوردکاری لەشێوازی باسکردن و پێشکەشکردنی بابەتی هۆلۆکۆست*. لە ناو میتۆد و کتێبی خوێندنی قۆناغی دواناوەندی لەسەر ئاستی جیهان. ئەو کارە بە ئەنجامدانی شیکاری لەناو ٢٧٢ میتۆدی خوێندنی ١٣٥ وڵات، و٨٩ کتێبی چاپکراو بۆ خوێندن لە ٢٦وڵات لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٠ وە ئەنجام دراوە.

ئەو باسە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لایەنی میتۆدۆلۆجی و شیکاری چەمکەکە و ئامانجی باسەکە دەخاتە ڕوو. بەشی دووەمیش شیکاری ناوەڕۆکی میتۆد و تێکستەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندنیان نیشان دەدات. هەر لەمیانی ئەو بەشە خشتەیەکی تێروتەسەل هەیە، ئەم خشتەیە پێکدێت لەناوی وڵات و ئەو بابەتەی

کە لە قوتابخانە وانـەی هۆلۆکۆسـتی تێـدا دەخوێنـدرێ، لەگـەڵ ئـە قۆناغەی کە وانەکەی تێدا دەخوێندرێ .باسەکە بە خستنەڕووی چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك بـۆ وەزارەتـی پـەروەردە و ئـەو دامـەزراوەو ڕێکخراوانەی کە لـە بـواری پـەروەردە کاردەکـەن کۆتـایی هـاتووە. هەروەها شیکاری میتۆدی خوێندنی وانـەی کۆمەڵایـەتی و مێـژووی چەند وڵاتێك نموونەی (چین، بەرازیل، بیلاروسیا، ئارژەنتین، ئەلبانیا و ...) پیشان دراوە.

ئەنجامی شیکاریەکان دەری دەخەن کە تێڕوانینی زۆربەی وڵاتان لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی کارەساتەکە هاوبەشە ,بەڵام بە لەبەرچـاوگرتنی تایبەتمەندی زمـان و مێـژووی میللەتـەکان و گرنگـی و بەرژەوەنـدی ناوچەیی، بابەتەکە لەناو میتۆدی خوێندن باسی لەسەر کراوە.

بۆنموونە لە وڵاتانی وەك (چین و رواندا و باشووری ئافریقا )هۆلۆکۆست لە خوێندن دا دەخرێتـە چوارچـێوەی (الفظـائع الجماعیـة). بـەڵام لـە ئەڵمانیا هۆلۆکۆست لـە میتـۆدی خوێنـدنی بـاودا، وەك دەرسـێکی ئەخلاقی و سیاسی سوودی لێ وەرگـیراوە, بـەجۆرێك لـەو ڕێگایـەوە هەوڵدەدرێ بیری لیبرالی پەرەی پێ بدرێ و لەبەرامبـەردا عـەقلیـەتی داخراوی ڕاستڕەوی لاواز بکات.

ڕێکخـــراوی (یۆنـــسکۆ) کـــە لایـــەنی ســـەرەکی ئەنجامـــدانی لێکۆڵینەوەکەیە، لەو باوەڕەیە کە کتێبی قوتابخانە ئامرازی فێرکردنـە بۆ ئاشـتی و لێـك تێگەیـشتن لـە ئاسـتی جیهـان. کەواتـە خوێنـدن

سەبارەت بە کۆمەڵکوژی جولەکەش هۆکاری بنەڕەتیە بۆ ڕێزگرتنی زیاتر لە مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و لێبوردەیی ﴿١٣﴾. خستنە ڕووی ئەو دووباسە دوو دەرئەنجامی هەبوو:

یەکەم: وەك لە ئەنجامی باسی یکەم دەرکەوتووە پرسی جینۆساید وەك بابەتی خوێندن لە قوتابخانە وەك پێویست هوشیاری و زانیاری بە قوتابی نەبەخشیووە.

دووەم: ئەو گەلانەی کە لە جیهان تووشی کۆمەڵکوژی هاتوون نموونەی گەلی جولەکە، تەنها پرسی ناسین و وەرگرتنی زانیاری لەسەر کارەساتەکان بەناوخۆیی خۆیان سنووردارناکەن، بەڵکو کاردەکەن تا ئەو کارەساتە لەسەرتاسەری جیهان بخوێندرێ، هەم لەپێناو ناساندنی گەلان بە کارەساتەکەیان، وبە مەبەستی بڵاوکردنەوەی رۆحی لێبووردەیی و چەسپاندنی ئاشتی و ڕێی گرتن لە دەمارگیری.

## بەشی سێیەم

# بۆچی پێویستە بابەتی جینۆساید لە قوتابخانە دا بخوێندرێت؟

هەرچەندە تا ئەمرۆشی لەگەڵ دابێت پرسی خوێندنی جینۆساید لەناوەندی قوتابخانەکان جێی مشتومڕییە و ڕەنگە هەندێ پسپۆری دەروونی پێیان وابێ کە خوێندنی ئەو تاوانە دڕندانەیە کە پڕاو پڕە لە زۆربەی جۆرەکانی توندوتیژی , زەرەر بە لایەنی دەروونی منداڵ دەگەیەنێ، کەچی ساڵانێکە ئەو بابەتە لەسەر ئاستی چەندین وڵاتی جیهان و بەشێوازی جیاواز دەخوێندرێ. ئەم بابەتە نەك هەر لای ئەو گەلانەی کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، بەڵکو ئەو میللەتانەی کە چ جار ئەو کارەساتەیان نەبینیوە، نموونەی چین و ئەمریکا و فەرەنسا و.. وەك پسپۆران باسی دەکەن پێویستە لە قوتابخانەکانیان دا ئەو بابەتە بخوێندرێ، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە باس لە پێویستی ناسین و خوێندنی هۆلۆکۆست دەکات﴿١٤﴾.

ئیلین ج کنیدی (Ellen J.Kennedy) لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی جینۆساید و هۆلۆکۆست باوەڕی وایە کە جیهان لە ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە و تەحەددای گەورە دەبێتەوە کە بریتین لە: کەمی ئاو، خواردن، سوتەمەنی، زیادی گەشەی دانیشتووان بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، زیاد بوونی هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی تووڕە و هەژار و مەحروم، گەنجی

ڕادیکال کە هەست دەکات ئەگەر توندوتیژیش بکات لـەو جیهانـە دا هیچی نییە لە دەستی بدات. هەر لەبەر ئەوە کنیدی باوەری وایە کـە لەو سەدەیەدا ئەگەری ڕوودانی کارەساتی جینۆساید زیاترە بە بەراورد بە سەدەی پێشوو ﴿١٥﴾.

ســاڵی ٢٠١٢ لــە شــاری کیــپ تــاون پایتــەختی باشــووری ئــەفریقا ڕێکخراوی یۆنسکۆ کۆنفرانسێکی ڕاوێژکاری بە ئامادەبوونی وەزیـری پەروەردەی ١٢ وڵاتی ئەفریقا ساز کرد، کۆنفرانسەکە بەناونیشانی:

“ WHY TEACH ABOUT GENOCIDE? THE EXAMPLE OF THE HOLOCAUST ”

واتا بۆچی جینۆساید بخوێنـدرێت؟ هۆلۆکۆسـت وەك نموونـە. تـەوەری سەرەکی کۆنفرانس کە ژمارەیـەك خـەڵکی پـسپۆری پـەروەردەکار و ئەکادیمی لەسەر ئاستی جیهان تێیدا ئامادە ببون، پێویستی خوێندنی بابەتی جینۆساید بوو لە قۆناغـەکانی خوێندن لەبەر ئـەو هۆکارانـەی خوارەوە:

یەکەم/ ڕێگـری کـردن لـە ڕوودانـی جینۆسـاید بـەهۆی مەعریفـەی مێژووییەوە

ڕێگـری کـردن لـە جینۆسـاید بـەڕێگای هـەبوونی ئـەو زانیـاری و مەعریفەوە دەبێت کەتاك لـە سـەر جـۆر و میکـانزمی ئەنجامـدانی ڕووداوەکـانی جینۆسـاید کـە تووشـی میللـەتان هـاتوون بەدەسـتی دەهێنێ. دەکرێ هۆلۆکۆست وەك خاڵی دەسپێك ئاماژەی پـێ بکـرێ

کە سیاسییەکانی پابەند کرد بوو بە لەناوبردنی گروپێکی مرۆیی. ئەم فێرکردنە تێگەیشتن و بەرپرسیاریەتی قوتابی زیاتر دەکات بەرامبەر هاوڵاتی و کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها بەرپرسیاریەتی دەوڵەتیش زیاد دەکات لە بەرامبەر بەکارهێنانی نادروستی هێز و پارێزگاری کردن لە مافی تاك.

دووەم/ گەشەسەندنی مافی مرۆڤ وەك ئامرازێك بۆ بەرگرتن لە جینۆساید

وتنەوەی وانەی جینۆساید و ڕێگری کردن لێی، لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ پابەندبوونی گشتی دەگەڕێتەوە بەرامبەر بە بەرزرکدنەوەی ئاستی مافەکانی مرۆڤ. کەواتە بەو پێیە بێت خوێندنی جینۆساید لە قوتابخانە، سیاسەت و ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە و بەجۆرێك خوێندنی مافی مرۆڤ، ئاشتی، لێبوردەییش دەچێتەناو ئەو چوارچێوەیەوە ﴿١٦﴾. پێویستە لە میتۆدی خوێندنی جینۆسایددا جەخت لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی بکرێتەوە:

١- خوێندن سەبارەت بە جینۆساید( Teaching about Genocide)، ئەو لایەنە پێویستە بەگرتنەبەری کاری بەراوردکاری لەنێوان کارەساتەکان وخستنەڕووی ئامار و زانیاری و وێنە و نەخشەی جیاواز ئەنجام بدرێت.

٢- خوێندن لە دژی جینۆساید ( Teaching agains Genocide)، لەو بەشەدا دەبێ ئەو هۆکارانە ڕوون بکرێنەوە کە

دەبنە هۆی ڕوودانی جینۆساید، واتا کەی جینۆساید ڕوودەدات؟ ئەو کاتەی کە جیاکاری و دابەشکاری گرووپەکان ڕوودەدات لەسەربنەمای ئایین، ڕەگەز یا نەتەوە، ئەوکاتەی لایەنێك خۆی بە گەورتر و بەهێزتر لەوانی تر دەزانێت. کەواتە لەو بەشەدا دەبێ قوتابی فێربکرێت کە یەکەم، کەی جیاکاری ڕوودەدات. دووەم قوتابی فێربکرێ کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق و مۆرالێکی بەهێزەوە جیاوازیەکان ببینێ، وەك دیوێکی پۆزەتیڤی جیهان. سێیەم قوتابی فێربکرێت کە چۆن ئازایانە بەرگری لەخۆی بکات بەرامبەر بە جیاکاریەکان.

٣- خوێندن بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید ( Genocide Teaching to prevent)، نیشاندانی ڕووە مرۆیی و مافە مەدەنیەکان و ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان میللەتان. ﴿١٥﴾

کەواتە بەو پێیە بێت، بۆ ئەوەی خوێندنی جینۆساید لە قوتابخانەدا ببێتە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی لە جیهان، و نەهێشتنی هەڕەشەی جینۆساید لەسەر میللەتان، پشت بەستن بە مەنهەجی گێڕانەوەی کارەساتەکان و ئاشنا کردنی نەوەی تازە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو بەس نییە، بەڵکو دەبێ لەمیتۆدی خوێندنی جینۆسایددا جەخت لە ڕێگری کردن لەجیاکاری و دووبارە بوونەوەی و بەهێز کردنی کلتووری مرۆڤدۆستی و یەکتر قبوولکردن و ڕۆحی لێبوردەیی لەناو کۆمەڵگای مرۆیی بکرێتەوە.

**ڕەوشی خوێندنی جینۆساید لە سستەمی پەروەردەی کوردستاندا :**

لە ٢٠٠٤ وە وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر سادە لە میتۆدی خوێندن، ئاماژە دان بە کارەساتەکانی نموونەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی لە قۆناغی چواری بنەڕەتی دەست پێکرد, بەتایبەتی لەو بەشەی کە ئاماژە بەناوی شارە دێرینەکانی کوردستان دەکات ﴿١٧﴾.

لە ساڵی ٢٠٠٥ خوێندنی بابەتی جینۆساید لە میتۆدی خوێندنی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی جێگای بۆ دەکرێتەوە. بەڵام کە وردبینی دەکەین بۆ ناوەرۆکی کتێبەکان دەبینین کە بۆ نموونە لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، تەنها لەبەشی مێژوو، زۆر بە کورتی وتەنها وەك ڕووداوێکی مێژوویی ڕاگوزەر ئاماژە بە هەردوو کارەساتی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە و ئەنفال دراوە﴿١٨﴾.

لە کتێبی مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی ساڵی ٢٠١٥ ئەو کارەساتانە هەرچەندە کەمێك بە درێژتر بەڵام بە تێکهەڵکێش کردن لەگەڵ رووداو و کارەساتەکانی تری وەك ڕاگواستن وشۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردستان , وەك بابەتێکی مێژوویی سیاسی باسی لێوە کراوە ﴿١٩﴾.

هەر لە ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی پەروەردە لەهەوڵی بایەخدانی زیاتر بە خوێندنی جینۆساید، کتێبێکی تایبەتی وەك میتۆدی خوێندنی جینۆساید خستە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ پۆلی دەیەمی

ئامادەیی(زانستی و ویژەیی) وقۆناغی یەکەمی خوێندنی پیشەیی وپەیمانگاکان بەناونیشانی (جینۆسایدی گەلی کوردستان). ئەم کتێبە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە هەفتەی یەك وانەی لێ دەخوێندرێ.

## کێشەکانی بەردەم خوێندنی جینۆساید لە کوردستان دا :

- ڕێنمایی یا دەلیلێکی تایبەت بۆ مامۆستا نییە سەبارەت بە خوێندنی بابەتی جینۆساید لە قوتابخانەدا، بۆیە مامۆستا دەبێ پشت بە هوشیاری و زانیاری و سەلیقەی تایبەتی خۆی ببەستێت لەوبارەیەوە. لەزۆربەی ئەو قۆناغانەی کە پرسی جینۆساید یا کارەساتەکان باس کراوە، زیاتر پەیوەست کراوە بە وانەی مێژوو و زیاتر وەك بابەتێکی مێژوویی ڕاڤە کراوە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو هۆکارە بنەڕەتی و مرۆییانەی کە هۆکارن لە ئەنجامدانی جینۆساید. هەروەها ئامانجی وەزارەتی پەروەردە لە خوێندنی ئەو بابەتە ڕۆشەن نییە. ئایا تەنها بۆ بەبیرهێناوە و گێڕانەوەی کارەساتەکانە,یاخود ئامانج لێی هەم خۆپاراستنە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی و بنیادنانەوەی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی بەهێز لە چوارچێوە ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێ ڕابردوو بخوێنەوە و داهاتوو بنیات بنێ (Learning the past bulding the future).

- هەرچەندە وەزارەتی پەروەردەی کوردستان لەساڵی ٢٠١٥ وە کتێبێکی تایبەتی بۆ خوێندنی جینۆساید دیاری کردووە , بەڵام

ئەو کتێبە تایبەتەش وەك یەکەم ئــەزموون چــەند کەموکوڕیــەکی هەیە هەم لەڕووی نــاوەرۆك و هــەم لــە ڕووی گوتنــەوەی لەلایــەن مامۆستایانەوە. پاش گفتوگۆ کردن و چـاوپێکەوتن لەگـەڵ چـەند مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەو بوارە بۆمان دەرکـەوت کە کێشەسەرەکیەکانی پەیوەست بە خوێندنی وانەی (جینۆسـایدی گەلی کورد) لە دووخاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: هیچ خول یا ڕاهێنانێك بۆمامۆستایانی وانەبێژی ئــەو بابەتــە نەکراوە سەبارەت بەشێوازی وتنەوەی ئەو وانەیە.

دووەم: خوێندنی ئەو بابەتە وەك لە پێشووتریش ئاماژەمان پێی داوە، لەهەفتەیەك کاتژمێرێکی بۆ دیـاری کـراوە، لەبــەر ئــەوەی لــەوەرزی یەکەم وانەی مافی مرۆڤ دەخوێنـدرێ، وانــەی جینۆسـاید تــەنها لــە وەرزی دووەمی ساڵ دەخوێنـدرێ کــە مــاوەی خوێنــدنی وەرزی دووەم بەهۆی پشووی زۆرەوە کورترە بەبەراورد لەگـەڵ وەرزی یەکـەم. بۆیــە مامۆستایان گلەیی ئەوە دەکەن کە کاتی پێویــستیان لەبەردەســت دا نییە بۆ تــەواوکردنی وانەکــە، و کتێبەکــە بەنیوەچـڵی دەمێنێتــەوە. کەواتە زانیاری پەیوەست بە کارەساتەکان وەك پێویست فێری قوتابی ناکرێ.

- لە پێدانی زانیاری سەبارەت بــە جینۆسـاید و کارەسـاتەکان زێـتر پشت بە میتۆدی کتێب وەك لایەنی تیۆری دەبەسترێ, لەکاتێکـدا دەبێ کەرستە و شێوازی تری فێربوون لەوبوارە لەبەرچاو بگیردرێ، ئەگەرچالاکی تر هەشبێ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەشێوەیەکی

سیستماتیك پرۆگرامی بۆ دانەنراوە، بەڵکو چالاکیەکان زیاتر پشت بە خولیا و سەلیقەی مامۆستا و پەروەردەکارانەوە دەبەستیٚ. نموونەی نیشاندانی فلیم، سەردانکردنی مۆزەخانەی تایبەت بە ڕووداوەکان، کتێبی چیرۆکی تایبەت , گێرانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینەی خودی قوربانیەکان , سازدانی پێشانگا و چالاکی هونەری لە قوتابخانەکان و... کەچی ئەگەر سەیری ئەو ولاتانە بکەین کە تووشی کارەساتی جینۆساید بوونە، نموونەی هەرە زیندوو گەلی جولەکە یە، بەوە نەوەستاون کە تەنها بەشێوەیەکی تیۆری بابەتی هۆلۆکۆست لە قوتابخانە بخوێنن، بەڵکو لە پاش ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠ وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دا کە وەك بەشێك لە خوێندنی هۆلۆکۆست هەموو ساڵێك ٢٥٠٠٠ قوتابی دواناوەندی سەردانی کەمپەکانی کۆمەڵکوژی لە پۆڵەندا بکەن ﴿٢٠﴾.

- بەهۆی جیاوازی سستمی پەروەردە لە کوردستان و جیهان بەتایبەتی لەڕووی ئەو مەرکەزیەتەی کە وەزارەتی پەروەردەی کوردستان هەیتی سەبارەت بەو میتۆدانەی کە لە قوتابخانەکان دەخوێندریٚ بەهی بابەتی جینۆسایدیشەوە، دەبینین ئەرکی وەزارەت و حکومەت لەو ڕووەوە قورستر دەبیٚ. کەچی لە ولاتانی تر بەتایبەتی لە ولاتە پێشکەوتووەکان لەبەر ئەوەی قوتابخانەکان جۆرە لامەرکەزیەتێکیان هەیە لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی خوێندن، هەروەها ئەو ناوەند و ئۆرگانانە زۆرن کە پسپۆرن لەبواری

چاپکردنی میتۆدی خوێندنی قوتابخانەکان، بۆیە دەبینین هەر قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە بە مامۆستاکانیشەوە لەبەردەم هەڵبژاردنێکی زۆرن بۆ کتێبەکانی خوێندن بە هی بابەتی جینۆسایدیشەوە. ئەوان هەر بە پەرتووکی چاپکراو نەوەستاون بەڵکو لەرێگای چەندین وێبسایتی ئەلکترۆنی و ماڵپەڕ جۆرەها ئاسانکاریان بۆ مامۆستاو قوتابی کردووە، تاکو لەسەر ئاستی ناوەخۆ و جیهان زانیاری لەسەر جینۆساید بەدەست بهێنن. بۆ نموونە سەیری لاپەڕەی ئەو وێبسایتە بکە بە ناوی: کتێبخانەی سەرچاوەکانی جینۆسایدی ئەرمەن بۆ مامۆستایان. ﴿٢١﴾

- گرفتێکی تری هەرە بەرچاو سەبارەت بە خوێندنی بابەتی جینۆساید لە کوردستان، پەیوەستە بەو میتۆد و سیستەمەی کە ژمارەیەك قوتابخانەی نافەرمی و تایبەت و گرتویانەتەبەر. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی (٢٠١٥- ٢٠١٦) لەهەر یمی کوردستاندا وێڕای قوتابخانەی میری ٢٢٤ قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەت و ناحکومی هەیە، ژمارەی ئەو قوتابیانەی لەو قوتابخانانە دەخوێنن ژمارەیان (٣٨٦٦١)*. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەر پەرشتیاری پەروەردەیی وانەی کۆمەڵایەتییەکان لەشاری هەولێر بەدەستمان هێناوە،کە مێژووی کوردستان و بابەتی جینۆساید ناخوێندرێ ئەگەر هەشبێ وەك وانەیەکی زۆر سانەوی سەیر کراوە، بەتایبەتی لەو قوتابخانانەی کە سستمی نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکەن.

## پێشنیار

- تێکهەڵکێش کردنی پرسی خوێندنی جینۆسایدی کوردستان بە زۆربەی بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بەشێوەیەك لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و تەمەنی قوتابی بگونجێت.

- دارشتنی ڕێنمایی گونجاوبۆ مامۆستایان سەبارەت بە خوێندنی بابەتی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان و چۆنیەتی یادکردنەوەی کارەساتەکان بەشێویەکی ڕێکخراو.

- پشت بەستن بە کەرستەی جیاوازی فێرکردن بۆ ناساندنی تاوانەکان بە نەوەی تازە، نموونەی ڕێکخستنی گەشتی قوتابخانە بۆ مۆنیمێنەتەکانی وەك هەڵەبجە، چەمچەماڵ، بارزان و... هەروەها سوود وەرگرتن لە وێنە و فلیم و کاری هونەری گێرانەوەی کارەساتەکان لەسەر زاری خودی قوربانیان لە قوتابخانەکان.

- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ ئەو مامۆستایانەی کە وانەی جینۆساید دەڵێنەوە، ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی گوتنەوەی وانەکە بەجۆرێك لایەنی سایکۆلۆجی منداڵ لەبەرچاو بگیردرێ.

- وانەی (جینۆسایدی گەلی کورد) کە لەپۆلی دە دەخوێندرێ، تایبەت نەکرێ بە یەك وەرز، بەڵکو لەهەردوو وەرزەکە بخوێندرێ، لەبەرامبەردا وانەی مافی مرۆڤ لە پۆلی یازدە لەهەردووبەشی زانستی و وێژەیی بخوێندرێ وەك تەواوکەری وانەی جینۆساید. چونکە هەر لە بنەڕەتدا یەکێك لە ئامانجەکانی خوێندنی وانەی

جینۆساید، دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنە لـە جیاوازییـە فەرهەنگییەکان.

- میتۆدی خوێندنی جینۆساید پێویستە بابەتی تری بۆ زیاد بکـرێ، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە کەیسی جینۆسایدی کوردستان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و سـزادانی تاوانبـاران. هـەروەها ئاماژە دان بە جینۆساید کردنـی میللـەتانی تـریش لـە جیهـان و بەراورد کردنیان لەگـەڵ یـەکتر و ئـەزموونی دوای کارەسـاتەکانی ئەوان.

- بۆ دارشتنەوەی میتۆدی خوێندن سەبارەت بە جینۆساید , یۆنسکۆ ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەسەر ئاستی جیهان لەوبارەیەوە هەیە، کە دەتوانن هاوکاری وەزارەتی پەروەردەی کوردستانی پـێ بکـەن. بۆیـە دەکـرێ وەزارەتـی پـەروەردە بەفـەرمی داوای هاوکاریـان لێبکات.

- لە بەرئەوەی لە ئێستادا رێژەیەکی بەرچاوی قوتابیان لە قوتابخانـە تایبەتەکان دەخوێنن کە سستم و میتۆدی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ خوێندن، خوێندنی بابـەتی جینۆسـاید و مێـژووی کوردسـتان زۆر بایەخی پێ نادرێ , بۆیە پێویستە وەزارەتـی پـەروەردە زۆر وردتـر چـاودێری بەرێوەچـوونی یـادی کارەسـاتەکان، وخوێنـدنی وانـەی تایبەت بەجینۆساید لەو قوتابخانانەدا بکات.

## ڕاسپاردە

- وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر خوێندنی جینۆساید لەناو قوتابخانەکاندا بکات. بەڕێگای لێکۆڵینەوەی زانستی کاریگەری میتۆدی خوێندنی قوتابخانە سەبارەت بە پرسی جینۆساید لەسەر قوتابیان نیشان بدرێ.
- دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە و دیکۆمێنتاری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان، بەجۆرێك پرسی داڕشتنی میتۆدی تایبەت بە خوێندنی جینۆساید ببێتە ئەرکی خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لەو دامەزراوەیە. هەروەها شوێنێکیش بێ بۆ کردنەوەی خول و ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ئەو پرسە و شوێنێك بۆ گەشتکردنی قوتابیان.
- وەزراەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری کار لەسەر دەرهێنانی کۆمەڵێك کورتەفلیمی دیکۆمێنتاری بکەن، تاکو لەگەڵ میتۆدەکانی تری خوێندنی جینۆساید لەکاتی پێویست نیشانی قوتابیان بدرێ.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری هەستێ بە چاپکردنی چیرۆکی جیاواز و تایبەت بۆ منداڵان لەسەر ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردستان داهاتووە. بەخشینی بە کتێبخانەی قوتابخانەکان بۆ سوودوەرگرتنی قوتابیان.

- وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ لە کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و مافی مرۆڤ لە عێراق، هەوڵبدەن کە بابەتی جینۆسایدی کوردستان چ وەك وانەیەکی سەربەخۆ یا لەمیانی پەرتووکی مێژوو لە قوتابخانەی بەشەکانی تری عێراق بخوێندرێ، بۆ دوورخستنەوەی نەوەی تازە لە توندوتیژی و جیاکاری بەهەموو جۆرەکانیەوە و دەرس وەرگرتن لە مێژوو.

## کورتەی باس

هەرچەندە لەپاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر میتۆدی خوێندندا هاتووە پرسی جینۆساید تاڕادەیەك لە کەرتی پەروەردەدا بایەخی پێدراوە، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٤ وەك بابەتێکی سەربەخۆ لەقۆناغی دەی ئامادەیی دەخوێندرێت، بەڵام ئێمە لەوباوەڕەداین کە ئەو بابەتە وەك پێویست لە کەرتی پەروەردەی کوردستان بایەخی پێ نەدراوە . لەبەر ئەوەی خوێندنی بابەتی جینۆساید لەرێگای چەند بابەتێکی تیۆری و وشك بەس نییە بۆ ناساندنی ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە. خاڵێکی تر کە زۆر گرنگەو لە میانی خوێندنی تاوانەکانی جینۆسایددا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ ئامانجی پشت خوێندنی ئەو بابەتەیە.

ئێمە لەو لێکۆڵینەوەدا هەوڵمانداوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی گەلانی تر سەبارەت بە خوێندنی بابەتی جینۆساید لەقوتابخانە، ڕۆڵ وگرنگی خوێندنی ئەو بابەتە بخەینە بەرچاو. هەروەها مەبەستمانە شیکاریەك بکەین بۆ خوێندنی بابەتی جینۆساید لەناو میتۆدی خوێندنی کوردستان.

بەگشتی دەکرێ بڵێین کە جینۆساید، بە پرۆسەی بە کۆمەڵ لەناوبردنی مرۆڤ دەگوترێت، بە گرتنە بەری ڕێکاری جیاوازی وەك ئازاردان، برسی کردن، کوشتن و لەناوبردن ڕاگواستن و لەناوبردنی تایبەتمەندی کلتووری و ئاینی و ڕەگەزی، کە بەرامبەر نەتەوە یا گرووپێکی مەزهەبی یا ئاینی تایبەتمەند ئەنجام بدرێت.

بەلاّم بۆچی پێویستە بابەتی جینۆساید لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ؟لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی :

یەکەم: ڕێگری کردن لە ڕوودانی جینۆساید بەهۆی مەعریفەی مێژووییەوە.

دووەم: گەشەسەندنی مافی مرۆڤ وەك ئامرازێك بۆ بەرگرتن لە جینۆساید.

پێویستە لە میتۆدی خوێندنی جینۆسایددا جەخت لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی بکرێتەوە:

١- خوێندن سەبارەت بە جینۆساید ( Teaching about Genocide)، ئەو لایەنە پێویستە بەگرتنەبەری کاری

بەراوردکاری لەنێوان کارەساتەکان وخستنەڕووی ئامار و زانیاری و وێنە و نەخشەی جیاواز ئەنجام بدرێت.

٢- خوێندن لە دژی جینۆساید ( Teaching agains Genocide)، لەو بەشەدا دەبێ ئەو هۆکارانە ڕوون بکرێنەوە کە دەبنە هۆی ڕوودانی جینۆساید، واتا کەی جینۆساید ڕوودەدات؟ ئەو کاتەی کە جیاکاری و دابەشکاری گرووپەکان ڕوودەدات لەسەربنەمای ئایین، ڕەگەز یا نەتەوە، ئەو کاتەی لایەنێك خۆی بە گەورتر و بەهێزتر لەوانی تر دەزانێت. کەواتە لەو بەشەدا دەبێ قوتابی فێربکرێت کە یەکەم، کەی جیاکاری ڕوودەدات. دووەم قوتابی فێربکرێ کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق و مۆرالێکی بەهێزەوە جیاوازیەکان ببینێ، وەك دیوێکی پۆزەتیڤی جیهان. سێیەم قوتابی فێربکرێت کە چۆن ئازایانە بەرگری لەخۆی بکات بەرامبەر بە جیاکاریەکان.

٣- خوێندن بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید ( Genocide Teaching to prevent)، نیشاندانی ڕووە مرۆیی و مافە مەدەنیەکان و ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان میلەتان .

# پێرستی سەرچاوەکان


﴿١﴾ ت. سلێمان, لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە ( دۆسیەی ئەنفال١ل١٣٥-١٦٠، دۆسیەی هەڵبجە ٢ ل٣٥٩-٤٣٨, دۆسیەی بارزانیەکان٤ ل١٧١-٢٠٨، دۆسیەی فەیلییەکان٤ ل١٢٩-١٣٨), چاپخانەی ئازادی, ٢٠١٥.

﴿٢﴾ ع. قنديلجي, البحث العلمي واستخدام ميَار المعلومات التقليدية والكترونية, عمان: دار اليازوري, ٢٠٠٧.

﴿٣﴾ ك. م. حمزة, "تحليل مضمون الخطاب الآتيَالي سوسيولوجيا فهم الآخر," ٢٠٠٦. ﴿ Online]. Available: http://www.comc.uobaghdad.edu.iq/uploads/Scientific_Research_PDF/re/5.pdf.

﴿٤﴾ ا. خضر, "حلقة بحث بعنوان المنهج المقارن، دراسة ماجستير من جامعة دمشق," ٢٠٠٨. ﴿ Online]. Available: http://www.google.iq/url?url=http://www.tahasoft.com/books/370 .

﴿٥﴾ م. رەحیمیان, "لیکۆڵینەوەیك لەسەر مێژووی جینۆساید لە کوردستان," گۆڤاری جینۆساید, no. ١p ,. ٧, ٢٠١٥.

﴿٦﴾ ئ. قادر, "دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد," no. ٣p ,. ١٤١, ٢٠٠٨.

﴿٧﴾ ۆ. میدل ئیست, جینۆساید لە عێراقدا, سلێمانی: چاپخانەی تیشك, ٢٠٠٤.

﴿٨﴾ ئەفلاتۆن, کۆمار, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, ٢٠٠٦.

﴿٩﴾ Haralambos and Holborn, Sociology (them anperspective), Collins Educational, 1995.

﴿١٠﴾ ا. الفنيش, ايَول التربية, بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة, ٢٠٠٤.

﴿١١﴾ ئ. حەسەن, لە دووریانی مەرگ وژیاندا, هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی, ٢٠٠٧.

﴿١٢﴾ كه ئه‌نفال كرا من له دايك نه‌ببوم, هه‌ولێر: ئه‌نستيتۆی كوردی بۆ ڤيكتۆمۆلۆجی و به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی جينۆسايد, ٢٠١٣.

﴿١٣﴾ P. Carrier, G. Eckert, E. Fuchs and T. Messinger, The International Status of Education about the Holocost, UNESCO, 2015.

﴿١٤﴾ " The status of education about Holocost". Available at:, http://www.unesco.org/new/ar/media-services/single-view/news/new_report_maps_the_global_status_of_holocaust_education

﴿١٥﴾ E. J. Kennedy, Redefining Genocide, Center for Holocaus studies, University of Minnesot. Avaiable at: www. genocidewatch.org

﴿١٦﴾ " why teach about genocide? The example of the Holocaust , UNESCO REGIONAL CONSULTATION IN SUB-SAHARAN AFRICA," Sep 2012 . [Online]. Available: http://www.unesco.org/new/en/education/resources/online-materials/single-.

﴿١٧﴾ لیژنه‌یه‌ك له وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده, بابه‌تی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان بۆ پۆلی چواره‌می بنه‌ڕه‌تی, هه‌ولێر: وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده - حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان, ٢٠٠٤.

﴿١٨﴾ ق. م. پشده‌ری and د. ح. شاوه‌یس, بابه‌تی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان بۆ پۆلی نۆیه‌می بنه‌ڕه‌تی, هه‌ولێر: وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده - حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان, ٢٠٠٥.

﴿١٩﴾ ن. م. وه‌هبی and ع. ع. معروف, مێژووی نوێ و هاوچه‌رخ، پۆلی دوازده‌هه‌می ئاماده‌یی وێژه‌یی, هه‌ولێر: وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده - حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان, ٢٠١٥.

﴿٢٠﴾ Y. Auron, "Holocaust and Genocide Education in Israel," [Online]. Available: http://www.genocidepreventionnow.org/Home/GPNISSUES/Issue4Fall2010/tabid/90/ctl/DisplayArticle/mid/473/aid/163/Default.aspx.

﴿٢١﴾ " Armenian Genocide," Resource Library for Teachers, [Online]. Available: http://www.teachgenocide.org/.

# بژاردەکانی بە نێودەوڵەتی کردنی تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان کراوە

**کرمانج عوسمان**
**ڕاوێژکاری دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ**

گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانی لە کوردستان مێژوویەکی تاڵیان هەیە بەو پێشێلکاریەی مافەکانی مرۆڤ کە بەرامبەریان کراوە و تا ڕادەیەك کە لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تێپەڕیوە و گەیشتۆتە تاوانی پاکتاوی نەژادی یان جینۆساید یان ئەوەی لە کلتوری کوردستان بە تاوانی ئەنفال ناو دەبرێت، لە مێژووی تازەی گەلی کوردستان دا دوو ماوەی جیاواز لە تاوانی جینۆساید دەرهەق بە کوردستان کراوە، سەردەمانێك لە ماوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی فاشیست لە ژێر ناوی نەتەوە پەرستی عروبەوە و سەردەمێکیش کە تا ئێستا بەردەوامە لە لایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش ناسراوە لە ژێر ناوی ئاینەوە، بۆیە دواتر کە باس لە هەردوو ماوە دەکەین لە ڕووی یاسایی و تەنانەت سیاسیشەوە گرنکە جیاوازیەکان دەخەینە ڕوو.

سەرەتا وەك دەروازەیەك دەبێت بۆ گەلی کوردستان ڕوون بکەینەوە کەوا لە ڕووی یاساییەوە ناولێنانی تاوانەکانی بەعسیەکان و داعشەکان بە ئەنفال و تیرۆر خۆی لە خۆیدا کەم کردنەوەی ئەو کردەوانەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئاستی ناوخۆ، چونکە زاراوەی ئەنفال لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراو نیە و تەنانەت وڵاتانی ئیسلامیش بە هەستیارییەوە سەیری ئەو ناولێنانە دەکەن بۆیە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێکیان لەبەر ئەوەی لەسەر نەتەوی عەرەب ساغ نەبێتەوە و بەشێکی تریان لە ڕووی ئاینیەوە دان بەو تاوانەی ئەنفال دانانێن کە بەسەر گەلی کوردستان دا هاتووە.

لەسەر دەمی بەعسدا و لەلایەکی تر ناولێنانی کردەوەکانی داعش بە تیرۆر دیسانەوە بچووك کردنەوەی ئەو تاوانانەیە بۆ سەر ئاستی ناوخۆ کە بە یاسای دژە تیرۆری عێراق یان هەرێمی کوردستان بە تیرۆر هەژمار دەکرێت کە ئەوەش لەگەل ناخی بە نێودەوڵەتی کردن ناگونجێت چونکە ئەگەر کردەوەکانی داعش بە تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار نەکەین و خۆمان ئەو ناوەی لێنەنێین کەواتە خۆمان ئەو کردەوانە بچووك دەکەینەوە بۆ سەر ئاستی ناوخۆیی تەنانەت ناونانی تاوانەکانی بەعس و داعش بە کۆمەڵکوژی دیسانەوە تێکدانی دۆسیەی بە جینۆساید ناساندنە چونکە تەنها کوشتن نیە ببێتە جینۆساید بەڵکو کردەوەی تریش هەیە بە جینۆساید هەژمار دەکرێت بۆ نموونە تێکدانی گوند و مەزار و گۆڕستانەکان ڕێگەگرتن لە وەچەخستنەوە تاوانی جینۆسایدن بۆیە دەبێت زاراوەی تاوانی

نێودەوڵەتی بەکاربێت بۆ تاوانەکانی بەعس و داعش، بۆیە لەو باسە کورتەدا بژاردەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی بەعس و داعش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەکورتی دەخەینە ڕوو.

## تاوانەکانی ڕژێمی بەعس:

تاوانەکانی بەعس دەرهەق بە گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە (٣) تاوان هەژمار دەکرێن کە بریتین لە تاوانی دژبە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی( تاوانی جەنگ) و تاوانی جینۆساید، ئەو تاوانانەش دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لەسەر ئاستی ناوخۆ واتە لەسەر ئاستی تەنها عێراق لە ڕووی یاسایی و دادگاییەوە لە ڕێگای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ناسێنراون، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوانەکانی سەدام لە بارزان و هەڵەبجە و گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان نەناسێنراون تەنها چەند وڵاتێك لە ڕووی سیاسیەوە لە ڕێگای پەرلەمانەکانیان ناساندویانە.

ئەوەی لێرە جێگای پرسیارە بۆ تەنها لەسەر ئاستی عێراق؟ دواتر چوون کاری لەسەر بکەین بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی؟ بۆ دۆسیەی تاوانەکانی جینۆساید ناساندنی سەدام دوای ساڵی ٢٠٠٣ دوو بژاردە هەبوو بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکرێت ئەوانیش دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە بە ئای سی سی ناسراوە لەگەل دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت، بەڵام لە واقیعدا هیچ لەو دوو

بڕاردەیە نەهاتە دی، لەبەر ئەوەی دادگای ئای سی سی ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە بە گوێرەی پەیماننامەی ڕۆمای ساڵی ١٩٩٨، بەڵام تاوانەکانی سەدام پێش ئەو ڕێکەوتە بوە و هەروەها عێراق ئەندام نیە لەو پەیماننامە و دادگایە و لەلایەکی تریش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ڕەوانە کردنی تاوانەکانی سەدام نەدا بۆ دادگای ئای سی سی.

بۆیە دەرفەتی دادگای ئای سی سی لەبەردەمدا بوە ئاستەم، لەلایەکی تر بەهۆی بوونی ڤیتۆ لەلایەن ڕوسیا و چین و ترسی وڵاتانی تری ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش کە لەسەردەمی شەڕی عێراق و ئێران چەکیان بە سەدام فرۆشتبوو ترسیان لە لێپێچینەوە هەبوو، بۆیە کار بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت نەکرا بۆ سەدام هاوشێوەی دادگای یوگسلاڤیا و ڕواندا کە دەکرا دۆسیەی تاوانەکانی سەدام لە کوردستان و شەڕی ئێران و هێرشی سەر کوێت لەو دادگایە یەکلایی بکراباوە و کەیسەکەش دەبوە نێودەوڵەتی. بۆیە بەداخەوە زۆر جار لایەنی بەرژەوەندی و سیاسی زاڵە بەسەر لایەنی قانونی لە دۆسیەی جینۆساید.

دەرئەنجام ئەوەی لەبەردەمان ماوە بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی ئەو تاوانانەی سەدام کارکردنیانە لە ڕووی سیاسی کە لەسەر ئاستی پەرلەمانی وڵاتانی دونیا یان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك یەکێتی ئەورووپا و ئەوانی تر بە جینۆساید بناسێنرێت یان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش یان کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان جا لە

ڕێگای لۆبی بێت لەلایەن کوردستانەوە بە هەموو دامەزراوەکانیەوە یان لە ڕێگای نوێنەرایەتی عێراق بێت لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو داواکاریە پێشکەش بکرێت.

دەکرێت بڵێین لە ڕووی یاساییەوە دەرفەت ماوە بۆ دادگایی کردنی ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی چەکی قەدەغەکراویان بە سەدام فرۆشتوە بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن و قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکرێتەوە ئەوەش لە ڕێگای یاسایەك دەبێت لە پەرلەمانی عێراق یان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی پرۆسەی دادگایی دەستپێبکات، چونکە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ئەو کۆمپانیانەی دادگایی نەکردوە.

## تاوانەکانی داعش:

بەهەمان شێوەی تاوانەکانی بەعس تاوانەکانی داعش بریتین لە هەر (٣) تاوانی نێودەوڵەتی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوە، بۆیە ئەو جارە دەرفەت لەبارە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوانەکانی داعش بە جینۆساید بناسێنرێت کە لەو بژاردانەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو بە گوێرەی گرنگی ڕیزبەندی:

یەکەم : پێکهێنانی دادگای نێودەوڵەتی تایبەت: دەسەڵاتی دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تایبەتی تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە ئەویش لەسەر بنەمای ئاشتی و ئاسایشی مرۆیی واتە پشت بەستن بە

بەندی (٧) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، واتە بە بریاری (٥) ئەندامی هەمیشەی یان لە حالەتی بە کارنەهینانی ڤیتۆ لەلایەن ئەندامانی هەمیشەی ئەنجوومەن، نموونەی دادگای نیودەوڵەتی تایبەت بریتیە لە دادگای دادگایی کردنی تاوانبارانی یوگسلاڤیا و ڕواندا. دادگا نێودەوڵەتیە تایبەتەکان ئۆفیسیان لە شاری دێنهاخ (لاهای) لە هۆلەندایە، دەرفەتەکانی ئەو جۆرە دادگایە بریتین لە :-

١- تایبەت دەبێت بە تاوانەکانی داعش و دوورمان دەخاتەوە لە ململانی سیاسی زلهیزەکانی وەك ئەمریکا و روسیا و هاوپەیمانانیان لە ناوچەکە و ململانی مەزهەبی سونە و شیعە.

٢- دەرفەتی دەنگدان لەسەر دامەزراندنی ئەو دادگایە هەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان چونکە ئەمریکا و روسیا و چین خۆیان لە بنەرەتدا ئەندام نین لە پەیماننامەی رۆما و زیاتر ئارەزووی دادگای تایبەت دەکەن نەوەك ئارەزوی ئاکتیڤ بوونی دادگای ئای سی سی بە تایبەتی دوای ئەندام بوونی فەلەستین.

٣- ئەگەر دادگای تایبەت دابمەزرێت لە ژێر ناوی (دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی داعش) ئەوا هیچ لایەنیك یان ئەندامیك لە ئەنجوومەنی ئاسایش ڤیتۆی نابیت بەرامبەر ئەوە چونکە داعش دوژمنی هەمووانە لە یەك کاتدا.

٤- بوونی دادگای نیودەولەتی تایبەت دەبێتە هۆی ناساندنی کەیسی جینۆساید و تاوانەکانی داعش لە کوردستان لەسەر ئاستی جیهانی و نیودەولەتی.

٥- ئەو بژاردەیە دورمان دەخاتەوە لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا لەسەر بابەتی ئەندام بوونی یان ئەندام نەبوونی عیراق لە پەیماننامەی رۆما و دادگای ئای سی سی چونکە بە دەرکردنی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی نیودەولەتی تایبەت ئەوا راستەوخۆ ئیلتیزاماتی قانونی لەسەر عیراق و کۆمەلگای نیودەولەتی دروست دەکات بۆ دادگایی کردنی تاوانباران.

٦- لەبەر ئەوەی عیراق ئەندام نیە لە دادگای ئای سی سی، و دادگای ئای سی سی تایبەتمەند نییە لەسەر ئەو دۆسیە لە عیراق بۆیە دەرفەت زیاتر دەکات بۆ دادگای نیودەولەتی تایبەت.

**ئاستەنگەکانی بژاردەی یەکەم بریتین لە :**

١- کاتی دەویت تاوەکو دەخرێتە ئەجیندای کاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بریار لەسەر دامەزراندنی، لۆبی دەوێت.

٢- بوجەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو دادگایە دابمەزریت.

٣- دەبێت ڕەشنوسێکی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئامادە بکرێت کە هەموو ئەندامانی هەمیشەیی ڕازی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی ڤیتۆ نەهێڵێت.

٤-پێویستە لەگەل بەغداد ئەو بژاردەیە باس بکرێت و ڕوون بکرێتەوە

بـۆ ئـەوەی عێراقـیش پاڵپـشتی لێبکـات و لـە ریگـای بـۆ نموونـە نوێنەرایەتی عێراق لە نیۆیۆك ئەو داوایـە لـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان بکات، چونکە دەبێت بۆ حکومەتی عێراق ڕوون بکرێتەوە کـەوا ئـەو دادگایە تەنها لێکۆڵینەوە و دادگایی لە تاوانەکانی داعش دەکـات و دەست لە کاروباری شەڕی سیاسی یان مەزهەبی لە عێراق وەرنادات.

٥- پێویستی بە ستاف و کارمەندی ناوخۆیی هەیـە کـەوا ڕاهێنـانی تەواویان بۆ ئەنجام بدرێت و بتوانن هاریکاری دادگای نێودەوڵەتی بـن بۆ کارکردن لەو دۆسیەیە.

**میکانزمەکان بژاردەی یەکەم:**

١- عیراق بە شێوەیەکی فەرمی لە رێگای نوێنەرایـەتی هەمیـشەیی عیراق بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لـە نیـۆیرك داوای دامەزرانـدنی ئـەو دادگایە بکات و دەتوانێت کات و شوێنی تاوانەکان دیاری بکـات بـۆ ئەوەی ئەگەر دادگاکە دامەزرا لیکۆلینەوە لە بارەی بکات.

٢- لە رێگای وەرگرتنی بۆچوونی قوربانیانی تاوانـەکانی داعـش بـۆ نموونە لە رێگای راپرسیەك بەسەر قوربانیان دابـەش بکریـت کـە لـە دەرئەنجام داوای دامەزراندنی دادگای نێودەوڵـەتی تایبـەت دەکـەن و گرنگە دەنگی داواکـاری ڕاپرسـیەکە لـە یـەك ملیـۆن واژوو کـەمتر نەبێت.

٣- پێش سەردانی کردنی شاندی هەرێم بۆ بەغدا گرنگە لـە رێگـای نوێنەرایەتی حکومەت لە بەغدا و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە

ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەو سەردانە و باس کردنی ئەو بژاردەیە.

٤- ئامادەکردنی رەشنوسی بریارێکی یاسایی بۆ ئەوەی پیشکەش بە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت بۆ تاوتوێکردنی و دەنگ لەسەر دانی.

٤- ئامادە کردنی رەشنوسی بریارێك لەلایەن حکومەتی هەرێم لە حالەتی ڕازی نەبوونی بەغدا لەسەر ئەو بژاردەیە بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش کە حکومەتی عیراق ئامادە باشی نیە بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش.

٥- ڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر ئەو بژاردەیە.

٦- لۆبی کردن لەگەل هەر (٥) بالۆێزخانەی (ولاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش) کە لە بەغدا و هەولێرن بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر عیراق بۆ رەزامەندی لەسەر ئەو بژاردەیە و کارکردنی لەسەری.

دووەم : دادگای ئای سی سی: دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە بە ئای سی سی ناسراوە لە سالی ٢٠٠٢ دەست بەکار بووە و بەگوێرەی پەیماننامەی رۆمای سالی ١٩٩٨ دامەزراوە و تایبەتمەندە لە لێکۆلینەوە و دادگایی کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان کە لە پەیماننامەی رۆما بە روونی ئاماژەی بۆ کردووە. ئەو دادگایە ئۆفیسی لە شاری دینهاخ (لاهای) لە هۆلەندایە. ئەو دادگایە کاری لەسەر چەندین دۆسیە کردوە کە تا ئێستاش لە لێکۆلینەوە بەردەوامە.

**دەرفەتەکان:**

١-داوای عیراق لەو دادگایە بۆ ئەوەی کار لەسەر کەیسی جینۆساید بکات و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بکات بە دیاری کردنی سروشتی تاوانەکان و دیاری کردنی ئیختیصاصی کات و شوێن.

٢-بە ئەندام بوونی عیراق لە پەیماننامەی رۆما ئەو دادگایە دەتوانێت لەسەر ئەو کەیسە کاربکات.

٣-دوای دامەزراندنی دادگای ئای سی سی دەرفەت بۆ دروست کردنی دادگای نێودەوڵەتی تایبەت کەم بۆتەوە بۆیە لەوانەیە ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو کەیسە رەوانەی دادگای ئای سی سی بکات.

**ئاستەنگەکان:**

١-بەکارهێنانی ڤیتۆ لە لایەن روسیا لەژێر کاریگەری لوبنان و عێراق و ئێران لە حالەتی ئیحالە کردنی کەیسی جینۆساید بۆ ئەو دادگایە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش چونکە لەوانەیە ترسی ئەوە هەبێت لە ژێر سێبەری ئەو دادگایە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی یان گروپە شیعەکان دادگایی بکرێن ئەگەر ئەوانیش تاوانیان ئەنجام دابێت.

٢-ئارەزوو نەکردنی ئەمریکا بۆ گرنگی دان بەو دادگایە بەهۆی تەحەدی بەرامبەر ئیسرائیل و داواکانی فەلەستین لەو دادگایە.

٣-ئەندام نەبوونی ئەمریکا و روسیا و چین لەو دادگایە.

٤- قوڵ کردنەوەی کیشەی مەزهەبی لە عیراق بە هۆی تۆمار کردنی داوا لەسەر یەکتر لە نیوان شیعە و سونە.

٥-ئامادەنەبوونی عیراق بۆ ئەوەی ببیتە ئەندام لەو دادگایە یان داوا لەو دادگایە بکات دۆسیەی لیکۆلینەوە بکاتەوە لەو تاوانانە.

**میکانیزمەکان:**

١-کۆبونەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بۆ ئەوەی عیًراق ببێتە ئەندام لە پەیماننامەی رۆما یان تەنازول لە ئیختیصاصی قەزائی بکات بۆ دادگای ناوبراو بۆ ئەوەی لە ماوە و شوێنێکی دیاری کراو دەست بە لێکۆڵینەوە بکات.

٢-لۆبی کردن لەگەل ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی کەیسەکە رەوانەی ئەو دادگایە بکات.

٣-کارکردن لەگەل داواکاری گشتی دادگای ناوبراو لە رێگای دابین کردنی پاکێجی تەواوی بەڵگەنامەکان و ئامادە کردنی لائیحەی یاسایی بۆ ئەوەی داوای یاسایی بجۆلێنن.

٤-عێراق ئەگەر نیازی ئەندامیەتی نیە لە دادگای ناوبراو یان ئامادەیی کارکردن نیە لەگەلی ئەوا بە نوسراوی فەرمی وەلامی نوسراوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بداتەوە کەوا لەگەل بژاردەی دادگای ئای سی سی نین.

سێیەم: دادگای تێکەڵ: ئەو جۆرە دادگایە بەو دوایە هاتە کایەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی دادگای ناوخۆ و دادگای نێودەوڵەتی

تایبەت وەك نزیکی شوێنی جوگرافی و نزیکی لە قوربانیان لە لایەك و لەلایەکی تر دوور کەوتنەوە لە خاڵە نیگەتیڤەکانی هەردوو جۆر لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەت و دادگای ناوخۆ، نموونەی ئەو جۆرە دادگایە بریتیە لە دادگای رەفیق حەریری لە کەیسی لوبنان.

**دەرفەتەکان:**

١-کاتی کەمی دەوێت بۆ دەرکردنی یاسا یان هەموار کردنی یاسای ناوخۆی بەرکار و دامەزراندنی ئەو جۆرە دادگایە.

٢-دابین کردنی بووجەی هاوبەش لە نیوان عیراق و نەتەوە یەکگرتوەکان و لایەنەکانی کۆمەك بەخشی تر.

٣-ڕازی بوونی عێراق بەو جۆرە دادگایە لەبەر مەسەلەی سیادەی عیراقی چونکە لەو دادگایە دادوەرانی عێراق ڕۆڵیان دەبێت و بەشدار دەبن.

٤-ئەو جۆرە دادگایە بە هاریکاری نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت و دەکرێت لەسەر ئاستی عێراق بێت یان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

٥-ئەگەر عێراق رەزامەندی نەدا لەسەر ئەو جۆرە دادگایە ئەوا لامەرکەزی تەشریعی لە پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم لەگەل نەتەوە یەکگرتوەکان دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە دوای لاری نەبوونی بەغدا.

٦-دەبێتە هۆی سزادانی تاوانبارانی داعش لەسەر ئاستی سەرکردە و چەکدار و ئەوانەی بەشداری تاوانەکانیان کردوە.

٧-دادگاکە نزیك دەبێت لە واقیعی جوگرافی و قوربانیان بۆ خێرا لیکۆڵینەوە لە تاوانەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە.

**ئاستەنگەکان:**

١-نەبوونی ویستی عێراق بۆ دامەزراندنی دادگای تێکەڵ یان ئامادە نەبوونی عێراق بۆ ئەوەی دادوەر و لیکۆڵەوەری نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەو کەیسە بکەن.

٢-بەهۆی نەبوونی سەروەری یاسا لە عیراق کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاریکاری عیراق ناکەن لەو دادگایە بەهۆی کێشەی مەزهەبی.

٣-کێشەی بودجە و دابین کردنی هاریکاری دارایی لە لایەن حکومەتی عیراقەوە.

٤-نەبوونی شارەزایی ناوخۆ لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان و کاتێکی زۆری دەوێت لە راهێنانی ستافی دادگا وەك دادوەر و پارێزەر و لیکۆلەرەوەکان.

٥-لەسەر ئاستی جیهانی بە جینۆساید ناساندن لە دەست دەدەین یان ناساندنەکە بە ئاستی دادگای نێودەوڵەتی تایبەت نابێت.

٦-کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداری دادگایەك ناکات لە وولاتیك کە تا ئێستا حکومی لە سیدارەدان جێ بەجێ دەکات بۆیە دەبێت عیراق سزای لە سێدارەدان هەڵوەشێنتەوە.

**میکانیزمەکان:**

١-پێویستی دەرکردنی یاسایەك لە پەرلەمانی عێراق یان کوردستان.
٢-واژوو کردنی ڕێکەوتنامە لە نێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتوەکان.
٣-بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر ئەو جۆرە بەشداریەی نەتەوە یەکگرتوەکان.
٤-بوونی ریکەوتنامە لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر چۆنیەتی کارکردن بە هاوبەشی لەو دادگایە.

چوارەم :دادگای ناوخۆ جا لەسەر ئاستی (عێراق یان کوردستان) ئەو جۆرە دادگایانە سەد لە سەد دادگای ناوخۆیی نیشتیمانین، هیچ ڕەهەندێکی نیودەوڵەتی نیە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پیشتر ئەو جۆرە شارەزاییە نەبووە و لەسەر ئاستی عیراقیش تەنها دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق کاری لەسەر کردوە، بەڵام ئیستا تەنها نزیك لە تاوانەکانی تیرۆر کارەکانی ئەنجام دەدات.

**دەرفەتەکان:**

١-کاتی کەمی دەوێت و دەکرێت لە نزیکترین کات ئەو دادگایە دابمەزرێت.
٢-دەتوانێت لە کاتێکی کەم ئەو دۆسیە یەك لایی بکاتەوە.
٣-بوجەیەکی کەمی دەوێت چونکە لە بنەرەتدا دادگاکان بونیان هەیە.

٤-لەوانەیە سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبارن دەربکات کە ئـەوەش لەوانەیە دڵخۆشی زۆرێك لە قوربانیـانی دەسـتی تاوانـەکانی داعـش بێت.

**ئاستەنگەکان:**

١-لە دەست دانی دەرفەتی ناساندنی نێودەوڵەتی ئـەو تاوانانـە واتـە پرۆسەی بە جیهانی ناساندنی تاوانەکانی داعش کۆتایی پێدێت.

٢-کۆمەلگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارەتی ناکەویتـە ئەسـتۆ لـە دابـین کردنی دارایی یان راهێنان بە ستافی ناوخۆ.

٣-دەبێت یاسای سزدانی عیراقـی لـە عـیراق و کوردسـتان هـەموار بکرێتەوە یان کار بە یاسای دادگای بالای تاوانەکانی عیراق بکرێت.

٤-ئەگەر لەسەر ئاستی عیراق بوو دەبێت دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی عیراق ئاکتیڤ بکرێتەوە چونکە ئێستا کارەکانی سـنوردار کراوەتـەوە دوای هەمواری یاساکەی و بچووکردنەوەی.

٥-لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان جگە لـە هـەموار کردنـی یاسـا دەبێـت یاسـای دامەزرانـدنی ئـەو دادگایـەش لەلایـەن پەرلـەمانی کوردستان دەربچێت.

٦-گەرەنتی قەرەبوو کردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانە نیە لەو دادگایە.

تێبینی/ دادگاکانی نێودەوڵەتی جا چ دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بێت یان دادگای ئای سی سی ئەوا تەنها دادگایی چەند کەسانێك دەکەن لە سەرکردەکانی داعش و ئەوانی تر لە ئاستی خوار سەرکردایەتی لە دادگاکانی تری ناوخۆ یان هاوبەش دادگایی دەکرێن و دادگاکانی نێودەوڵەتی جا چ دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بێت یان دادگای ئای سی سی لە سیستەمی سزادانیان سزای لە سێدارە دانیان نیە بەڵکو سزای هەتا هەتایە هەیە لە بەندینخانە. وە ڕاوێژی ئێمە ئەوەیە کەوا دۆسیەکان بە جیا ئامادەبکرێت بۆ بەردەم دادگا بۆ نموونە دۆسیەی ئێزیدیەکان و کاکەیەکان و کریستیانەکانو ئەوانی تر.

# كيفية تعويض شعبنا الكوردي عن سياسات القمع والأبادة للنظام السابق

الدكتور
**ابراهيم محمد شريف السندي**
**(المستشار القانوني والتشريعي)**

**المقدمة :-**

انطلاقاً من الحرص الوطني والقومي وبما احمله من مبادئ وما امتلكه من المعلومات القانونية علمية وعملية تزيد عن ٤٢ سنة اقدم لكم ما بوسعي عن كيفية تعويض شعبنا الكوردي للمأسي والأضرار التي لحقت بهم نتيجة الأبادة الجماعية والجرائم ضد الأنسانية وجرائم الحرب والأنفال والتطهير العرقي وعموماً ممارسات السياسية الشوفينية المقيتة وما نتج عنها من أضرار فادحة غير مشروعة سواء ورد ذلك في القوانين الوطنية او الدولية أستوجب التعويض عنها ولهذا سوف اقدم لكم دراسة عن هذه الكيفية لتعويض شعبنا وكما يلي :-

**اولاً:- الضرر / يعني ( الحاق الأذى الغير مشروع بالأنسان سواء في ماله او اعتباره أو جسده ، شخص عادي أو معنوي ) .**

والضرر يتمثل بثلاثة انواع ١- المادي ٢- المعنوي ٣- الجسدي وكل هذه الاضرار قابلة للتعويض العادل وليس المعادل . سواء في القانون الوطني أو الدولي ، انطلاقاً من مبدأ العام (لا ضرر ولا ضرار)

التعويض – يعني (جبر الضرر قدر الأمكان ) وبمعنى اخر أسعاف المضرور قدر الأمكان بأية وسيلة ممكنة سواء مالية أو مادية أو معنوية أو مجتمعة لأشعاره اولاً بأنه لم يخطأ وثانياً رفع الأذى أو الظلم عنه قدر الأمكان وثالثاً جزاءاً لفاعل الضرر ورابعاً ردعاً للغير من تسول نفسه للقيام بنفس الفعل .

وبمعنى أشمل يهدف التعويض لأعادة الحقوق المغصوبة قدر الأمكان سواء كانت مادية أو معنوية أو جسدية وليس التعويض حسنة من الحسنات التي تعطى للسائلين أو المحرومين أو المحتاجين وانما وسيلة للأعتراف بالانتهاكات للنظام السابق (البائد) ومسؤوليته عن الأضرار الناجمة للمضرورين .

وقد ذكر في القانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ مواد لتغطية مسائل الضرر وانواعه والموجبات لتعويضه والمسؤولية عنها في المواد (١٨٦-٢٠١) تحت عنوان (الأعمال غير المشروعة التي تقع على المال ) وكذلك المواد (٢٠٢-٢١٧) تحت عنوان ( الاعمال غير المشروعة التي تقع على النفس) وكذلك المواد (٢٠٤ ٢٠٥) بخصوص الضرر الأدبي أو المعنوي الذي يصيب الانسان في حريته او عرضه او شرفه أو مركزه الأجتماعي أو اعتباره المالي .

**ثانياً:- كيفية المطالبة بالتعويض دستورياً وقانونياً**

**١- دستورياً**

بالرجوع الى دستور العراق لسنة ٢٠٠٥ وبالأخص المادة (١٣٢) منه ، فأنه حمل الدولة بأن تتكفل برعاية المتضررين من الممارسات التعسفية للنظام الدكتاتوري البائد أضافة الى تعويض أسر الشهداء والمصابين نتيجة الأعمال الأرهابية ، وعلى أن ينظم بقانون يستنتج من ذلك بأن المشرع أستعمل كلمة (رعاية المتضررين) في الفقرة الأولى بخصوص الممارسات التعسفية للنظام البائد ولم يستعمل كلمة ( تعويض ) بشكل صريح كما هو الحال في الفقرة الثانية منه بخصوص تعويض أسر الشهداء والمصابين .

وبمعنى اخر هناك مطاطية لعنصر الالزام بالنسبة للحكومة بخصوص تعويض الأضرار المالية التي تشكل عنصراً فعالاً للاضرار التي لحقت بالمضرورين وبمفهوم اخر هناك عنصر الزام بتعويض عن الأضرار الجسدية المميتة وغير المميتة وارى بأن المشرع لم يكن دقيقاً في مفهومه وصياغته لهذه المادة ، وذلك لان التعويض يشمل الضرر بكافة انواعه الثلاثة ،

وبناء عليه فأن مجلس النواب الأتحادي أصدر قانون (٥) لسنة ٢٠٠٩ لتعويض المتضررين الذين فقدوا جزءاً من اجسادهم جراء ممارسات النظام البائد للفترة ١٩٦٨/٧/١٧ – ٢٠٠٣/٣/١٩ . وعلى ان يكون مدة تنفيذ هذا القانون لمدة سنة واحدة من تاريخ نشره في الجريدة

الرسمية قابل للتمديد لسنة واحدة بموافقة مجلس الوزراء ، ويؤخذ على هذا القانون بأنه عوض عن الأصابات الجسدية غير المميتة فقط ولم يشمل الأصابة المميتة ومن ثم اصدر قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠١٠ عن تعويض ممتلكات المتضررين من قبل النظام البائد (سواء كانت الممتلكات منقولة وغير منقولة – وعلى ان تحسب قيمة الضرر حين وقوعه لهذه الممتلكات مقومة بالذهب ، وقد شمل أقليم كوردستان بهذا القانون بالنص عليه . مما ذكرناه اعلاه بالنسبة للقوانين الأتحادية العراقية الصادرة وفق الدستور لها نظرة شمولية عامة بما فيها كوردستان .

ومما يذكر بأن برلمان الأتحادي اعتبر ما تعرض له الشعب الكوردي في كوردستان العراق من مذابح وقتل جماعي هو ابادة جماعية بكل المقاييس ، بموجب القرار الصادر منه بتاريخ ٢٠٠٨/٤/١٤ ، ولدينا مأخذ على هذا النهج في التصرف البرلماني ، حيث صدر قرار وليس قانون ومن ثم لم يعتذر البرلمان الأتحادي للشعب الكوردي عن الجرائم الأخرى وأنما اكتفى القرار بالأبادة الجماعية ، مما سوف نوضحه أتياً .

**٢- قانونياً –**

لما كانت الجرائم المرتكبة من قبل النظام السابق ضد شعبنا الكوردي في كوردستان ذات الصفة الجماعية والشمولية وذات صبغة سياسية فأن

هذه الجرائم لا تعتبر جرائم اعتيادية كي يمكن جبرها عن طريق القانون المدني بتقدير التعويض عنها وذلك :-

١- الضرر الجسدي لم يكن فردياً وكذلك الحال بالنسبة للضرر المادي والمعنوي مثل وقوع الضرر على شخص أو اشخاص لا تجمعهم صفة أو رابطة ما ، وانما الأضرار التي حصلت لشعبنا الكوردي كانت جماعية وشمولية لكونهم كورد وشعب يؤمن بحقوقه القومية ، لذا فأن القانون المدني لا يعالج مثل هذه الحالة.

٢- الجرائم المرتكبة بحق شعبنا الكوردي ذات غطاء سياسي شوفيني وليست مدنية بحتة ، حتى يمكن القول بأنها جرائم اعتيادية كما ورد في قانون العقوبات .

٣- لا يمكن تطبيق المادة (٢١٩) من القانون المدني للمطالبة بالتعويض استناداً لمبدأ مسؤولية المتبوع عن اعمال التابع ، وذلك

أ- الجرائم المرتكبة بحق شعبنا الكوردي ليست جرائم بسيطة أو اعتيادية كما لو قتل شرطي أثناء الواجب احد المواطنين ، فأنه بموجب القانون المدني يمكن أقامة الدعوى المدنية على وزير الداخلية أضافة لوظيفته ، بأعتباره المسؤول الأعلى عن الشرطي وذلك لانه يمتلك سلطة الأختيار والتوجيه والمراقبة وفقاً لأحكام المادة (٢١٩) مدني .

ب-القانون المدني نفسه في أحكام المادة (٢٣٢) منه ، فيه نص صريح وجوبي تمنع المحاكم من سماع دعاوى التعويض الناشئة عن العمل

غير المشروع بعد انقضاء ثلاث سنوات من اليوم الذي علم فيه المتضرر بحدوث الضرر وبالشخص الذي أحدثه ، هنا نتسائل كم مضى على قيام النظام السابق بأرتكاب الجرائم ضد شعبنا ، حتى لو احتسبنا هذه المدة بعد زوال النظام الشوفيني السابق ، أليست اكثر من اربعة عشر سنة ؟ فمن هنا وانطلاقاً من مبدأعدم جواز تجزئة القانون في تطبيقه فأنه لا يمكن المطالبة بالتعويض وفق ماورد في القانون المدني .أما ما يقوله البعض من جواز المطالبة بالتعويض انفرادياً (أي كل شخص يطالب بالتعويض امام محكمة البداءة) لكون الجرائم المطالب بها لا يشملها ( التقادم الزمني ) بأعتبارها من جرائم الأبادة الجماعية .

هنا نقول بأن المطالبة القضائية حالياً امام المحاكم الوطنية في أقليم كوردستان تحكمها قانون المدني العراقي وليس القانون الدولي ، وبالتالي محاكمنا محلية وليست دولية أو عالمية حتى يمكن ان نستند على مبدأ عدم شمول هذه الجرائم بالتقادم الزمني .

وأيضاً يضيف البعض بان ( قانون المحكمة الجنائية العليا ) المشكلة لمحاكمة رموز وأزلام النظام السابق في بغداد يسمح للمواطنين من شعبنا الكوردي المطالبة بالتعويض ، ولهذا يجوز المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية (بداءة) في أقليم كوردستان .

هنا يجب علينا التوقف امام هذا القانون ، والاشارة الى النص الصريح الوارد في أحكام المادة (٢٢) منه ، حيث نص ( لذوي الضحايا والمتضررين من العراقيين الأدعاء مدنياً امام هذه المحكمة ضد المتهمين عما اصابهم من الأفعال التي تشكل جريمة بمقتضى هذا القانون ....)

مما يعني بموجب هذا القانون فأنه يحق فقط للمتضررين الحاضرين امام محكمة الجنائية العليا ، المطالبة بالتعويض ، وبمعنى اخر لم يجوز القانون لغير الحاضرين امام هذه المحكمة المطالبة بالتعويض .

ولو رجعنا الى الخلف لوجدنا بأن عدد الحاضرين من الكورد امام هذه المحكمة قليل جداً مقارنة مع جموع المتضررين من شعبنا الكوردي ، مما يستدعي القول بأن اقامة الدعاوى امام المحاكم المدنية في كوردستان من غير جدوى ، لعدم وجود نص قانوني يمنح للمواطن الكوردي الذي لم يحضر امام المحكمة الجنائية العليا في بغداد بأقامة مثل هذه الدعوى ، اي انه غير محمي قانونياً ، وبالتالي دعواه مردودة .

**اذن ماهو الحل المناسب للمطالبة بالتعويض ؟**

موضوع الأبادة الجماعية وجرائم ضد الأنسانية وجرائم الحرب بأعتبارها جرائم ذات طابع خاص ، ليست جديدة في الواقع العملي بالنسبة للشعوب في العالم حيث نستذكر ما حدث للشعب الأفريقي الاسود في جنوب افريقيا برئاسة مانديلا من أضرار جسدية ومادية ومعنوية تحت المسميات المذكورة اعلاه ، وما حدث لشعب في كوسوفو / يوغسلافيا من قبل الصرب ، وما حدث للشعب اليهودي في المانيا النازية من ابادة جماعية خلال الحرب العالمية الثانية وللأرمن من أبادة جماعية من قبل الدولة العثمانية وايضاً ما حدث في تشيلي وأرجنتين وروandا وسيراليون وسلفادور وأخيراً ما حدث للشعب الكويتي عام ١٩٩٠ من اضرار جماعية شمولية من قبل النظام البائد ، ولم نسمع

بأن مواطناً من هذه الشعوب اقام الدعوى بشكل انفرادي امام المحاكم المحلية للمطالبة بالتعويض .

أضافة لذلك ، أليس من حقنا ان نتساءل لماذا لا يطالب عرب الشيعة في الوسط والجنوب العراق بشكل انفرادي امام المحاكم المدنية عما لحقهم من ضرر بأنواعه بسبب الأنتفاضة عام ١٩٩١ ؟ أليس فيهم أساتذة من القانون وقضاة ومفكرين ومختصين بالتعويض ؟ ام انهم يدركون بأن التعويض في هذا المجال ذات صبغة سياسية يجب معالجته بطريق اخر ؟ كما هو الحال لما حدث للشعوب الأخرى ، فمثلاً هيئة تقصي الحقائق أو هيئة السلام التي شكلت في دول روندا ، سيراليون ، سلفادور أوصيت بأنشاء صندوق لتعويض الضحايا ، الا انه لحد الأن لم يتم أنشاء مثل هذا الصندوق ، عدا الكويت فأنه صدر قرار من مجلس الأمن يلزم العراق بتعويض الكويتيين عن جميع الاضرار وبمبلغ مقدر .

**لكل ما ذكرته اعلاه أرى بأن الطريقة المثلى للمطالبة بالتعويض عما لحق شعبنا الكوردي من اضرار بأنواعه ، يتمثل بما يلي :-**

١- مطالبة البرلمان الأتحادي العراقي بتقديم ( اعتذار ) للشعب الكوردي عما لحقه من مأسي واضرار جماعية بأنواعها المختلفة نتيجة السياسة الشوفينية المنتهجة من قبل النظام المباد والمتمثلة بالأبادة الجماعية والجرائم ضد الانسانية وجرائم الحرب وبمعنى ادق ممارسة سياسة الأرض المحروقة في كوردستان.

**وتأسيساً على قرار الأعتذار الرسمي من قبل البرلمان الأتحادي ، نطالب بالخطوة الأتية :-**

٢- أنطلاقاً من مبدأ ( الحكومات وارثة للحقوق والالتزامات )فأنه يتم تقديم مشروع لتعويض شعبنا الكوردي عن ممارسات النظام الشوفيني البائد وما ينتج عنه من أضرار مالية ومعنوية وجسدية نقدره بمبلغ لا يقل عن (عشرين مليار دولار) وذلك عن طريق رئاسة الجمهورية، لغرض تقديمه رسمياً الى البرلمان الاتحادي ، من اجل التصويت عليه دستورياً ومن ثم مصادقته من قبل رئيس الجمهورية ونشره في الجريدة الرسمية .

علما ان مشاريع القوانين بموجب المادة (٦٠) من الدستور تقدم من رئيس الجمهورية أو مجلس الوزراء ولا يجوز للنواب تقديم مشاريع القوانين وأنما فقط يحق لهم تقديم مقترحات القوانين من قبل عشرة أعضاء (نواب) في البرلمان أو من قبل اللجان المختصة في البرلمان .

بعد صدور قانون التعويض لشعبنا الكوردي من قبل البرلمان الأتحادي ، يتم تشكيل لجنة عليا للتعويضات في الوزارة ، ينبثق منها اربعة لجان فرعية (أربيل – سليمانية - دهوك – مناطق متنازع عليها ( المستقطعة ) وتقوم اللجنة العليا بأعداد الشروط اللازمة لمن يطالب بالتعويض ، تخضع قرارات اللجان الفرعية للمصادقة عليها من قبل اللجنة العليا ويمكن ان يطعن فيها من قبل المواطن امام الوزير خلال مدة محددة .

وبهذا الأسلوب سوف نؤمن للمواطن الكوردي الحصول على التعويض

قانوناً بأقصر الطرق ، أضافة الى عدالة التعويض من خلال تقديره وتوزيعه عن طريق اللجان التعويضية في كوردستان .

المطالبة بالتعويض لشعبنا الكوردي عما لحقه من أضرار بكافة أنواعه نتيجة تجهيز الشركات أو الأفراد الأجانب للمواد الكيمياوية الداخلة في أنتاج الأسلحة الكيمياوية لأبادة شعبنا الكوردي ، وذلك عن طريق المطالبة القضائية امام المحاكم الدولية بالتعويض عن جميع الأضرار وذلك بعد جمع الأدلة الكافية والأستعانة بالخبراء المختصين في هذا المجال سواء من المحامين أو غيرهم . لاسيما وان محاكم لاهاي ومحكمة روما الجنائية لهما باع طويل لأدانة الجرائم ضد الأنسانية وجرائم الحرب وجرائم الأبادة الجماعية . أو الأستعانة بدولة صديقة للشعب الكوردي لاثارة موضوع الجرائم المرتكبة ضد الشعب الكوردي على مجلس الأمن لأتخاذ قرار مناسب بأعطاء الشعب الكوردي حق التعويض من الحكومة العراقية لكونها وريثة من النظام السابق .

# تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید
# لە ۲۰۰۳ تاوەکو ۲۰۱۷
# "دۆسیەکانی کوردستان"

**ئەیاد کاکەیی**

دوای ئازادکردنی عێراق و دەستگیرکردنی سەدام حوسێن و هاوریانی و دەرچوونی یاسای ژمارە ۱۰ی ساڵی ۲۰۰۵ لە پەرلەمانی عیراق و پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ دادگایی کردنی سەرانی رژێم بۆ ئەم مەبەستە دوو نووسینگەی هەولێر و سلێمانی دادگای لێکۆڵینەوە سەر بە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کرایەوە و تیایدا لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکانی کورد کرا لە هەردوو شاردا لەوانە:

١- دۆسیەی ئەنفال
٢- دۆسیەی بارزانیان
٣- دۆسیەی هەڵەبجە
٤- دۆسیەی فەیلیەکان
٥- دۆسیەی پاکتاوی نەژادی
٦- دۆسیەی کۆچ رە و راپەرین
٧- دۆسیەی کانی عاشقان

٨- دۆسیەی زێوە
٩- دۆسیەی ئەشکەوتی دەکان
١٠- دۆسیەی گوندی سۆریا
١١- دۆسیەی قەلاّدزێ ١٩٧٤
١٢- دۆسیەی راگواستنی پشدەر و قەلاّدزێ ١٩٨٩
١٣- دۆسیەی راگواستنی سید سادق ١٩٨٩
١٤- دۆسیەی پێنجوێن
١٥-دۆسیەی مەنع تەجەولی سلێمانی ١٩٨٥
١٦- دۆسیەی پارتە علمانییەکان

لە دوای (١٦) دۆسیەی کورد لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەداخەوە تەنها (٦) دۆسیە یەکلاکرایەوە لەوانە(هەلەبجە_ ئەنفال_ بارزانیان_ فەیلیەکان) بەجینۆساید ناسێنراو هەردوو(دۆسیەی پاکتاوی نەژادی و کۆچ ڕەو و راپەرین) بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی تۆمەتباران سزاداراون دۆسیەکانی تر هەندێکیان لەبەر نەبوونی تۆمەتبار داخران و هەندێکیان تا ئێستا لێکۆڵینەوە ماون و هیچ بڕیارێکیان لەسەر نەدرا چونکە دادگاکە بچوککرایەوە و خرایە سەر ئەنجومەنی دادەری عێراق کە پێشتر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوو.

ئەو دۆسیانەی کە بڕیاریان لەسەر نەردرابوو وەك خۆی مایەوە لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کاروباری شەهێدان ئێمە راسپارد بۆ بەدوا داچوون لە دۆسیەکانی و هەروەها کارکردن لەسەر دۆسیەی هەندێ ناوچەی تری کوردستان کە بەر شالاّوی رژێمی بەعس

کەوت بوون لەوانە( دۆسیەی باڵەکایەتی، پێنجوێن، شارباژێر، ماوەت، چوارتا، دۆکان، هتد) دوای ئەوەی داواکاری خەڵکی ئەو ناوچانەمان گەیاندە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق _ دادوەری لێکۆڵینەوە رەزامەندی دەربڕی لەسەر (انابە) کردنی دادگاکانی هەرێم هەریەك لە ناوچەی خۆی بە مەرجێك لێکۆلینەوەکان بە زمانی عەرەبی بێت و رەوانەی دادگای لێکۆلینەوەی بەغدا بکرێتەوە لە رێگای ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. بەداخەوە ئەو دۆسیانە و دۆسیەکانی تری دادگای بالای تاوانەکانی عێراق وەك خۆی ماوەتەوە لەبەر ئەوەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و ئەنجومەنی وەزیران نەگەیشتونەتە ئەنجامێك یاخود ئالیەتی کارکردنی لەسەر پرسی دۆسیەکانی کورد لە دادگای بالای تاوانەکانی عێراق

هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان قۆناغێکی تری ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە دەرهەق خوشك و برایانی ئێزدی و پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان وناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. دوای پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان دروست کردنی (دەستەی لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنی) کە پێکهاتووە لە دادوەری لێکۆلینەوە و ئەندامێکی داواکاری گشتی و بنکەیەکی پۆلیس و دەروناس و ئێمە وەك پارێزەری خۆبەخش هەر لە سەرەتای پێکهێنانی ئەم دەستەیە هاوشێوەی دۆسیەی ئەنفال بریکارنامەمان وەرگرت لە

خاوەن قوربانیان ودەستمان کرد بە کارکردن دوای کۆکردنەوەی بەلگە و وەرگرتنی وتەی داواکارانی مافی کەسی ودادخوازەکان و رزگاربووانی دەستی داعش لە خوشك و برا ئیزدییەکان ئینجا هەلدانەوەی بەشێك لە گۆرە بەکۆمەلەکان کە بەلگەی بەهێزە بۆ سە لماندنی جینۆسایدی خوشك و برا ئیزدییەکان.

پاشان بینیمان جگە لە خوشك و برا ئێزدی یەکان تاوانە نێودەولەتیەکان بەرامبەر پێکهاتەکانی تریش ئەنجامداوە وەکو (مەسیحی و شەبەك و تورکمان و کاکەیی) بۆیە وەك هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە پێکهاتەکان وەك ئەرکێکی نیشتمانی هەلساین بەپێشکەش کردنی داواکاری بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی تر و دادگاش لای خۆیەوە رەزامەندی پیشاندا لەسەر داواکارییەکان و پاشان دەست کرا بە ئەنجامدانی پشکنین لەسەر ناوچەکانیان.

خۆشبەختانە توانیمان لە دەستەی لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی بەلگەکان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەبێ جیاوازی خزمەت بکەین و ببین بە پارێزەری خۆبەخش بۆیان، ئێستا دۆسیەکان بریتین لە :

١- دۆسیەی ئیزدییەکان
٢- دۆسیەی مەسیحییەکان
٣-دۆسیەی شبەکەکان
٤-دۆسیە تورکمانەکان
٥- دۆسیەی کاکەیی یەکان

بۆ گەیاندنی ئەم دۆسیانە بە دادگای بالای تاوانی نێودەولەتی لـە دوا گۆنگرەی دادگـای بـالی نێودەولـەتی داوەت کرابـوین وەك پـارێزەری سەرجەم پێکهاتەکان توانیمان نامەی (هەر پێنج) پێکهاتە بگەیەنینە دادگـای بـالای تـاوانی نێودەوڵـەتی و خـودی سـەرۆکی داواکـاری گشتی(فاتۆ بنسودە) ماوەی نیو سەعات لەگەڵ بەرێزیان کۆبووینـەوە باسمان لەوە کرد کە لە عێراق هیچ یاسایەکمان نـی یـە بـۆ دادگـایی کردنی تاوانبارانی داعش لەسەر تاوانـە نێودەولەتیـەکانی ئـەنجامیان داوە چـونکە یاسـای ژمـارە(١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی دادگـای بـالآی تاوانەکانی عیراق تایبەتە بە سەرانی بەعس لە ماوەی (١٩٦٨ تاوەکو ٢٠٠٣).

یاسای سزای عێراقی هیچ ماوەیەکی تاوانـەکانی نێودەوڵـەتی تێـدا نییە و یاسای تیرۆریش جیایە لەو تاوانە نێودەولەتیەکان بەرێزیـشیان لە وەلامدا گوتی ئێمە ناتوانین لێکۆلینەوە لەسەر خاکی عیراق بکەین چونکە عێراق ئەندام نییە لەم دادگایە بەڵام رێگای تر هەیـە دەبێـت حکومـەتی عیراق بگرینەبەر بۆیە بە داخەوە دوای ٢٠١٤/٨/٣ تاکو ئەمرۆ تەنها بەڵگـە کۆکراوەتـەوە هـیچ دادگایـەکی نـە نێوخـۆیی و نەنێودەولّەتی تاوانەکانی داعشی لەخۆ نەگرتوو کـە ئەمـەش برینـی کەس و کاری قوربانیانی جینۆساید کراوانی قولتر کردووە.